# كاریگەری بارودۆخی سیاسی لەسەر پرۆسەی خوێندن لەشاری هەولێر لە (١٩٦٨-١٩٧٥)

**م. سنور صباح صديق**

**مامۆستا لەبەشی مێژوو- كۆلێژی ئاداب- زانكۆی سەلاحەدین/هەولێر**

**د. محمد عبدالله كاكە سور**

**پرۆفیسۆری یاریدەر لەبەشی مێژوو- كۆلێژی ئاداب- زانكۆی سەلاحەدین/هەولێر**

**پێشەكی:**

سەردەمی دانووسانی نێوان سەركردایەتی شۆڕشی كوردی و حكومەتی عێراق لەساڵی ١٩٦٨ بەقۆناغێكی گرنگی مێژوویی و ڕێگەخۆشكەرێك دادەنرێت بۆ دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بێجگە لەگرنگی ئەم بەیاننامەیە لەڕووی سیاسیەوە، بایەخێكی زۆری هەیە لەڕووی فێركردن و گرنگی دان بەزمانی كوردی، لەم ڕێگەیەوە بەشێك لەمافە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەكان فەراهەم بوون ئەگەر بۆ ماوەیەكی كاتیش بووبێت، لەلایەكی تریشەوە ئەم قۆناغە بوو بەبنچینەیەك بۆ خوێندنی كوردی لەقوتابخانە كوردیەكان لەداهاتوودا.

فەراهەم بوونی كەشێكی ئازاد، جموجۆڵی مامۆستایان و قوتابیانی زۆر بەهێز لەناوەوە و دەرەوەی قوتابخانەكان، هۆكار بوو بۆ هاتنە كایەی ژمارەیەك ڕێكخراو و دامەزراوەی تۆكمە كەمامۆستایان و ڕۆشنبیرانی شار ڕۆڵی باڵایان لەدامەزراندنیان دا گێڕا، وەبێجگە لەدەركردنی ژمارەیەك گۆڤار و بڵاوكراوە بەشێوەیەكی ئاشكرا و نهێنی لەقوتابخانەكاندا و دروستبوونی چینێكی ڕۆشنبیر و ڕووناكبیر لەناو شاردا، یەك لەسیماكانی تری ئەم قۆناغە كردنەوەی خولی تایبەتە بۆ مامۆستایانی شۆڕش و دامەزراندنیان لەقوتابخانەكان و لەدواتریشدا بەشێكیان لەقوتابخانەكانی شاری هەولێر خزمەتیان كردووە.

شایەنی باسە توێژینەوە لەكاریگەری ڕەوشی سیاسی لەسەر بواری پەروەردە لەشاری هەولێر لەقۆناغێكی مێژوویی هەستیار گرنگ و پێویستە، بەڵام گەیشتن بەووردەكارییە مێژووییەكان ئاسان نین، بەهۆی بەردەست نەبوون و فەوتانی بەشێك لەزانیارییەكانی ئەم بوارە، بەناچاری پەنا بۆ دیمانە و مامۆستایان براوە كەڕۆڵیان هەبووە لەم كەرتەدا، بەڵام ئەوەی كێشەی دروستكردووە بەشێكیان لەژیان نەماون یاخود ماون بەڵام بەتەمەندا چوون و بەشێك لەیادەوەریەكانیان بەوردی بیر ناكەوێتەوە، ئەوەی كێشەكانی قوڵتر


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کردۆتەوە نەبوونی ئەرشیفێکی پارێزراوی پەروەردەییە، بەڵام لەگەڵ ئاستەنگەکانیشدا هەوڵدراوە بەشێوەیەکی زانستیانە کاریگەری دۆخی سیاسی بەسەر بواری پەروەردەیی لەشاری هەولێردا بخرێتەڕوو لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و تێڕامانی وردی سەرچاوەکان.**

**توێژینەوەکە لەدوو تەوەرە پێك هاتووە، لەتەوەری یەکەمدا باس لەسەردەمی دانوسان و داواکاری سەرکردایەتی کورد و دواتریش راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و پێدانی بەشێك لەمافەکانی رۆشنبیری و خوێندن و زمانەوانی بۆ گەلی کورد کراوە.**

**لەتەوەری دووەمدا، تیشك خراوەتە سەر ئەو ئازادییەی کەلەبواری سیاسی رەخساوە و رەنگی داوەتەوە بەسەر کار و چالاکی و جموجۆڵی مامۆستایان و قوتابیان لەدامەزراندن و بەشداری کردنیان لەرێکخراو و کۆنفرانسەکان و دەرکردنی ژمارەیەك گۆڤار و بڵاوکراوە لەقوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر.**

**ئەم توێژینەوەیە هەڵبەت بەدوور نییە لەرەخنە و سەرنج، هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێکی بچووك لەم بوارەدا پێشکەش بکەین.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تەوەری یەکەم

## سەردەمی دانوسان و راگەیاندنی بەیاننامەی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)و فەراهەم کردنی مافە رۆشنبیری و پەروەردەییەکان:

ئالۆزی ژیانی سیاسی و شڵەژانی بەردەوامی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق، لاوازی هەژموونی عەبدولرەحمان عارف لەناو سوپادا و نەبوونی پارتێکی سیاسی پاڵپشت بۆ عارف و هەبوونی کێشەی کوردو کێشەی شیعە لەخوارووی عێراق ئەمانەو کۆمەڵێك هۆکاری دیکە، حکومەتی عێراقی ئەو کاتیان لاواز کردبوو، دوای دەستپێکردنەوەی کرژی و شەڕیش لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕش وحکومەتی عێراقی دۆخەکە زیاتر رووی لەئالۆزی بوو[١].

بەعسییەکان لەماوەی دورکەوتنەوەیان لەدەسەڵات لە (ماوەی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣- ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨) کاریان لەسەر دووبارە رێکخستنەوەی ریزەکانی خۆیان و رێکخستنەکانی هێزە پاڵپشتەکانی خۆیان لەناو سوپا و لەکۆشکی کۆماری دەکرد، بۆ ئەوەی بگەنەوە دەسەڵات[٢]، بەعسییەکان توانیان ئەم ئامانجەیان بپێکن لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨، بۆ جاری دووەم پارتی بەعس بەکودەتایەکی[٣] سەربازی جڵەوی دەسەڵاتی عێراقی گرتەوە دەست، سەرکردایەتی نوێ پێکهاتبوو لەبەعسییەکان بەسەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و ئەفسەرەکانی سوپاش بەسەرۆکایەتی عەبدولرەزاق نایف[٤]. هەر لەلایەن کودەتاچییەکانیشەوە (ئەحمەد حەسەن بەکر) بەسەرۆك کۆمار و (عبدالرزەق نایف)یش بەسەرۆك وەزیران هەڵبژێردران [٥].

پارتی بەعس پەندی لەیەکەم تاقیکردنەوەی حوکمڕانی خۆیان وەرگرت بوو، ئەمجارەیان بەئەزموونەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەبەرگێکی نوێوە هاتنەوە سەر شانۆی دەسەڵات چونکە دەیانزانی شۆڕشی کورد هۆکارێکی گرنگی رووخان و شکستهێنانی حکومەتەکانی رابردوو بووە[٦]. هەربۆیەش ئەمجارەیان لە ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ دەسەڵاتیان گرتە دەست لەبەیاننامەی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی عێراق کەکودەتاچییەکان پێکیان هێنابوو، ئاماژەیان بەکێشەی کورد دا و گلەییان لەرژێمی پێشوو کرد کەهیچ هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەهاویشتووە ڕاشیگەیاند کە لەبەرنامەی سیاسەتی ناوەخۆیاندا مەبەستیانە کۆتایی بەکێشەی باکور (مەبەست کێشەی کوردستان) بهێنن، بەڵام دەریان نەخست بەچ شێوازێك و لەسەر چ بنەمایەك ئەو کارە ئەنجام دەدەن[٧].

دوای ١٤ رۆژ لەکودەتای یەکەم، لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ لەکودەتایەکی تری بەعسیەکان دا، عەبدولرەزاق

---

([١]) ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٢٤٢.

([٢]) د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٢٧١؛ کاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، دار اراس، اربيل، ٢٠٠٥، ص٥٠٣.

([3]) Amatzia Bram, Ronen Zeidel, Achim Rohad, Iraq between occupation York, 2010, p51.

([٤]) پلەی جێگری سەرۆکی هەوالگری سەربازی هەبوو.

([٥]) سعد ناجی جەواد، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨-١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠، ص١٤٤.

([٦]) سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٩٥.

([٧]) جريدة (الوقائع العراقية)، عدد (١٩٥٨)، ١٩٦٧/٧/١٨، فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق، ١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ مارتی ١٩٧٤، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٢.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

نـایف لەدەسـەڵات لادرا و دوورخـرایەوە، (ئەحـمەد حەسـەن بەكـر) هەمـوو دەسـەڵاتێكی گـرتە دەسـت و حكـوومەتێكی نـوێ دامەزرێنـدرا[٨]، لەهەمـان رۆژیشـدا (ئەنجـوومەنی سـەركردایەتی شـۆڕش)ی عێـراق بەیاننامەیەكی دەركرد كەتیایدا هاتبوو، (ئەنجوومـەنی سـەركردایەتی شۆڕش پەیمانی بەخوا و گەلەكەمـان داوە، كەرژێمێكـی دیمـوكراتی شۆرشـگێڕی یەكگرتـوویی بنیـات بنێـت.. چارەسـەری دۆزی كـورد بەشـێوەیەكی ئاشتی و دادوەرانە دەبێ و ئـاواتە نەتەوەییەكـانی بـرا كوردەكانمـان بێنێـتە دی و یەكێتـی نیشـتمانی عێـراق مسۆگەر بكات...) [٩] دواتریش بەعسیەكان لەبەیاننامەیەكدا ڕایانگەیاند كەپەیوەست دەبـن بەبەیاننـامەی (٢٩ی حـوزەیرانی ١٩٦٦) و بەهەنگـاویش جـێ بەجێـی دەكەن، هەربـۆیەش بڕیاریانـدا بەنـاردنە دەرەوەی قوتابیـانی كورد بۆ دەرەوەی وڵات و دامەزراندنی كۆڕی زانیاری كورد و زانكۆیەك لەسلێمانی[١٠].

لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٦٨ لەلایەن (ئەنجوومەنی سەركردایەتی شـۆڕش- عێـراق) دەسـتووری كـاتی ڕاگەیەنـدرا، بەپێی دەستووری كاتی زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی دەوڵەت هەژماركرا و هیچ ئاماژەیەك بەزمانی كوردی نەدرا و گەلی عێراقی بەبەشێك لەنەتەوەی عەرەب لەقەڵەمدرا[١١].

كێشـەی نـاوەخۆی كـورد و بـزووتنەوەی كـوردی لەم قۆنـاغەدا تەشـەنەی سـەند، بەشـێوەیەك لەلایەن حكومەتەوە پشتگیری لایەنێك كرا دژ بەلایەنەكەی دیكە. بەم شێوەیە سەركردایەتی شۆڕشی كورد كێشـەكانی لەگەڵ حكومەتی بەغدا قـووڵتر بـۆوە، دواتـریش لەئەنجامی سـەرنەگرتنی گفتوگۆی نێـوان شۆڕشـی كـورد و حكومەتی بەغـدا، شـەڕی نێوانیـان دەسـتی پـێ كـردەوە و ڕۆژنـامەی (التـآخی- برایەتـی) كەزمانحـاڵی پـارتی دیموكراتی كوردستان بوو داخرا[١٢].

لەگەڵ دەسـتپێكردنەوەی گـرژی و كێشـەكان پرۆسـەی خوێنـدن لەنـاوچە ئازادكراوەكـان[١٣] زۆر بەسسـتی بەڕێوەچوو، هەر لەگەڵ دەستپێكردنی شۆڕشی ئەیلول حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق هەوڵی كارایان داوە بـۆ پەكخسـتنی ئەم پرۆسـەیە، بەڵام سـەركردایەتی شۆڕشـی كـوردی دركیـان بەگرنگـی خوێنـدن و مەترسـییەكانی دابڕانـی قوتابییـان لەخوێنـدن كردبـوو، بـۆیە لەسـاڵی (١٩٦٧)ەوە بیـرۆكەی دامەزرانـدنی قوتابخانەكان لەنـاوچە ئازادكراوەكان كەوتە بـواری جێبەجـێ كـردنەوە بەتـایبەت دوای سـاڵی ١٩٦٧ حكومەت مامۆستایانی دەوروبەری شـارەكانی بـۆ نـاو شـار گـوێزانەوە بەمەبەسـتی فشار خسـتنە سـەر حـزب و شـۆڕش،

---

([٨]) كریس كۆچێرا، كورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، و: حەمە كەریم عارف، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ل٣٤٣-٣٤٤؛ جلیلی جلیل وأخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عيدي حاجي، دار الرازي، لبنان، بيروت، ١٩٩٢، ص٢٣٩٩.

([٩]) القررات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الأول، ب.م، ب.س، ص ص ٢٨-٣٠.

([١٠]) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق، ٨شباط ١٩٦٣- ١٧ تموز١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠٦، ص٣٣٤.

([١١]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كارزان طارق جمباز، التنظم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفدرالية (دراسة تحليلية مقارنة)، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة كويه، كلية القانون- قسم القانون، ٢٠٠٨، ص١٠١؛ ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، سليمانى، ٢٠٠٨، ص ص ١٧١-١٧٤.

([١٢]) على سنجارى، الحركة التحررية الكوردية مواقف واراء، مطبعة خەبات، دهوك، ١٩٩٧، ص ٧٨؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن (دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستان- عێراق (١٩٧٩-١٩٨٣)) سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٩٧؛ جبار جبارى، تأريخ الصحافه الكرديه في العراق، بغداد، ١٩٧٥، ص٦٤.

([١٣]) مەبەست لەو ناوچانەیە كەلەژێر دەسەڵاتی سەركردایەتی كوردی دا بوون.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی حکومەتیش دا سەرکردایەتی شۆڕش (دەزگای زانیاری) دامەزراند، کەپەیوەست بوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەمەکتەبی سیاسیەوە[١٤]، لەساڵی ١٩٦٧ چەند قوتابخانەیەك کرایەوە و ساڵی ١٩٦٨ پرۆسەکە زۆر بەرفراوانتر کرا[١٥].

لەسەرەتادا سەرۆکی ئەم دەزگایە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت (فازل مەلا مستەفا) بوو، دواتر مامۆستا (محمد ئیسماعیل)[١٦] کرا بەسەرۆکی دەزگای زانیاری و مامۆستا (محەمەد عەلی مستەفا) کرایە یاریدەدەری گشتی و لەهەمان کاتدا پشکێنەر، مامۆستا (لەتیف نادر رەواندزی) کرایە یاریدەدەر و پشکێنەر[١٧].

**یەکێك لەکارە گرنگەکانی دەزگای زانیاری کردنەوەی سێ خولی پێگەیاندنی مامۆستایان بوو[١٨]، هەریەك لەم خولانە (٢-٣) مانگی خایاندووە[١٩]، خولەکانیش بەم شێوەیە بوون:**

١- خولی یەکەم لە ١٩٦٩/٧/١کراوەتەوە بەناوی (ئامۆژگای پێگەیاندنی مامۆستایان) (٥٦) قوتابی بوون و ئاهەنگی دەرچوونی ئەم خولە لە ١٩٦٩/٨/٣١ سازکراوە[٢٠].

٢- خولی دووەم لە ١٩٦٩/٩/١ کراوەتەوە، (٨٠) قوتابی بوون ئاهەنگی دەرچوونی ئەم خولە لە ١٩٦٩/١١/٥دا ساز کراوە.

٣- خولی سێیەم لەمانگی ١٩٦٩/١١ بۆ مانگی ١٩٧٠/٣ بەردەوام بووە و ژمارەیەك قوتابی بەشداریان لەم خولە کردووە، لەمانگی ٣دا ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ کراوە[٢١].

---

([١٤]) مەبەست مەکتەبی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە.

([١٥]) یەحیا تاهیر میرزا، مامۆستا موحەممەد ئیسماعیل، بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١١)، ئاب و ئەیلوولی ٢٠٠٩، ل ٣٦، مامۆستا محەمەد عەلی مستەفا، بەشی زانیاری، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٨، ل٤١.

([١٦]) مامۆستا (محمد اسماعیل): لەساڵی ١٩٣٤ لەشاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی لەهەولێر تەواو کردووە لەساڵی ١٩٦٤ بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی بۆ میسر چووە و لەزانکۆی (ئەزهەر) خوێندنی تەواو کردووە و لەساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە کوردستان و پەیوەندی بەشۆڕشی کوردییەوە کردووە. لەلایەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردییەوە هەر لەهەمان ساڵدا کراوە بەبەرپرسی (دەزگای زانیاری) رۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەکردنەوەی قوتابخانەکان لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش، ساڵی ١٩٧٠ کراوەتە (بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر) و دواتریش بووتە سەرۆکی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) ئێستا لەشاری هەولێر دەژیت، یەحیا تاهر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٩-٣١.

([١٧]) مامۆستا محەمەد عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

([١٨]) بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی قوتابیان لەم خولانە دەزگای زانیاری لەئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق- بەشی کوردی، بانگەوازێك بڵاو دەکاتەوە بۆ هەموو قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندی کەپەیوەندی بکەن و خۆیان ناونووس بکەن، بۆ وەرگرتنیان لە (پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕش) کەلەلایەن (دەزگای زانیاری)یەوە دەکرێتەوە، مامۆستا ئەحمەد عوسمان رەسول، بیرەوەری، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧، ل٤٠.

([١٩]) مامۆستا عیسا ئەحمەد شێخانی، بیرەوەرییەك لەشۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٥)، ئەیلوولی ٢٠٠٨، ل٤٦.

([٢٠]) خەبات، ٥١٤، تشرين الأول ١٩٦٩.

([٢١]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خدر ئەحمەد بامرنی، بیرەوەری، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٨، ل ل ٥٥-٥٦؛ عاسم مایی، لاپەڕەیەك ژ شۆرشا مەزنا ئەیلوولی، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٨، ل ل ٥٧-٥٩؛ ئەحمەد سەعید عەبدوڵڵا، مامۆستایانی شورەشا ئەیلولێ کێیە، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧، ل ل ٣٦-٣٧.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

لەدوای کۆتایی هاتنی خولەکان قوتابییە سەرکەوتووەکان بوون بەمامۆستا و دابەشکران بەسەر ناوچە ئازادکراوەکاندا. تەنانەت دەرچووانی خولی سێیەمیش پێش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار لەقوتابخانەی ناوچە ئازادکراوەکان دامەزران.

ژمارەیەکی بەرچاو لەمامۆستا پێگەیەندران، ئەوانەی بەشداریان کرد دەرچوون (سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی) بوون[٢٢]. ئەم خولانە تا ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠ بەردەوام بوون و تەنیا لەلیوای هەولێردا (١٥٠) مامۆستا ئەرکی پەروەردەییان لەناو شۆڕشدا بەجێگەیاندووە، کەئەمەش زۆرترین ژمارەی مامۆستایان بوو بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان[٢٣].

مامۆستایانی سەرپەرشتیاری و ئەوانەی وانەیان دەوتەوە ئەمانە بوون: (د. محمود عوسمان[٢٤]، (جەرجیس فتح الله)[٢٥]، هاشم عقراوی، لەتیف نادر ڕەواندزی، محەمەد ئیسماعیل، محەمەد مستەفا) وانەکانیش بریتی بوون لە: (بەڕێوەبردنی قوتابخانە، زانستی کۆمەڵایەتی، پەروەردە و زانستی دەروونی، وانە ووتنەوە، سەرەتاکانی زانستی سیاسی، شۆڕشی هاوچەرخی کورد و شۆڕشەکانی گەلان، دەربارەی عێراق، لاپەڕەکانی مێژووی کورد، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بیروباوەڕی، تەندروستی، ژیانی کورد) [٢٦].

یەکێک لەکارە گرنگەکانی تری ئەم دەزگایە کردنەوەی چەند بەڕێوەبەرایەتێکی پەروەردەی بوو کەئەوانیش بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (هەولێر، دهۆک، کەرکوک، سلێمانی) بوو، سەبارەت بەپەروەردەی هەولێر: م. محەمەد مەلا قادر[٢٧] (بەڕێوەبەری پەروەردە) و م. تاهر عوسمان گۆمەشینی (یاریدەدەری

---

([٢٢]) عەبدولواحید دیبەگەیی (حەکیم)، مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول کێن، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧، ل ٤٢.

([٢٣]) شێرزاد زکریا محمد، مجلس قیادە الثورة في کوردستان ١٩٦٤-١٩٧٠، دراسة تاریخیة سیاسیة عامة، دهوك، ٢٠١٠، ص ص ٢٠٥-٢٠٦، عەبدوڵڵا عومەر، مۆمەکانی شۆڕشی ئەیلول، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧، ل٧٣.

([٢٤]) د. محمود عوسمان: ساڵی ١٩٣٨ لەشاری سلێمانی هاتۆتە دونیاوە، کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، تەمەنی لاویدا تێکەڵ بەدونیای سیاسەت بووەو بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتریش بەشداری شۆڕشی کوردی (١٩٦٤-١٩٧٠)ی کردووەو ساڵی (١٩٧٠) ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لە دانوسانەکانی نێوان حکومەتی عێراق سەرکرایەتی شۆڕشی کورد، سەرکردایەتی شاندنی کوردی کردووە لەوتوێژەکانیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا تا گەیشتنیان بەئەنجامی دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دواتر لە ١٩٧٥دا لەلەندن پارتی سۆشیالیستی کوردی دامەزراندوە، لەکاری سیاسی بەردەوام بووەو بەیەکێك لە کەسە چالاکەکانی بواری سیاسی هەژمار دەکرێت و ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق. د.محمد الصویرکی الکردی، الموسوعة الکبری لمشاهیر الکرد عبر التاریخ، مجلد الرابع، الدار العربیة للموسوعات، بیروت ، ٢٠٠٨ ص ص٣٠٢-.

([٢٥]) جەرجیس فتح الله: لەساڵی (١٩٢٠) لەشاری موسڵ هاتۆتە دونیاوە، کۆلێژی مافی لەزانکۆی بەغداد تەواوکردووە کەسایەتیەکی چالاکی بواری سیاسی بووەو، ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو ژمارەیەکی کتێبی گرنگی مێژووی کوردی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کردووە، ساڵانی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە، د. محمد علی الصویرکی الکردی، المجلد الاول، ص ص٣٨٢-٣٨٣.

([٢٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (زرار سەڵتە)، بەڕێزی لەخولی یەکەمی پێگەیاندنی مامۆستایان بەشدار بووە، ئێستا سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلووڵە لەهەولێر، هەولێر، ٢٠١٨/٢/٢١، عەبدولواحد دیبەگەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣، حەیدەر شەریف فەتاح، بیرەوەری شۆڕشی ئەیلوول، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، هەولێر، پاییزی ٢٠٠٧، ل٣٩.

([٢٧]) محەمەد مەلا قادر: لەساڵی ١٩٣٤ لەپارێزگای هەولێر هاتۆتە دونیاوە، دوای تەواو کردنی قوتابخانە ئایینەکان چۆتە خولی مامۆستایان و بووە بەمامۆستای سەرەتایی لەهەولێر کەسایەتییەکی چالاکی بواری پەروەردەیی بووە، گەلێك لێپرسراوی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڕێوەبەری پەروەردە).

پەروەردەی دهۆك: م. شەفیق عەبدوڵڵا (بەرپرسی پەروەردەی دهۆك)، م. محەمەد عەبدوڵڵا (یاریدەدەری بەڕێوەبەر). پەروەردەی کەرکوك و سلێمانی، م. رەمزی قەزاز (بەرپرسی پەروەردە) و م. جەعفەر رۆکانی (یاریدەدەری بوو) [٢٨].

لەساڵی خوێندنی (١٩٦٩-١٩٧٠) ژمارەی قوتابخانەکانی شۆڕش گەیشتۆتە (٢٠١) قوتابخانەی سەرەتایی و یەك قوتابخانەی دواناوەندی و ژمارەیەکی زۆر لەبنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری[٢٩].

دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان حزبی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕش هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بارزانی بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییە حکومییەکان، لەکانوونی یەکەمی ١٩٦٨ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە هێرش کرایە سەر هێڵی شەمەندەفەری بەغدا-کەرکوك، دواتریش لەسەرەتای مانگی مارتی ١٩٦٩ هێرشیان کردە سەر دەزگا نەوتیەکانی کەرکوك و زیانێکی گەورەیان لەحکومەتی عێراقدا[٣٠]، ئەمە و بێجگە لەوەی شەڕەکان و پێکدادانەکانی نێوان حکومەتی عێراق و پێشمەرگە بەردەوامی هەبوو، لەزۆربەی بەرەکان حکومەتی عێراقی دووچاری شکستی گەورە هاتبوو هەربۆیەش لەتۆڵەی ئەو شکستانەیان پەنایان بردە بەر کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و کوشتنی خەڵکی بێلایەن، وەك ئەوەی لەگوندی (دەکان) لەناوچەی شێخان لە ٢٨ی ئابی ١٩٦٩ و لە (صوریا) لەناوچەی زاخۆ لە ١٦ ئەیلولی هەمان ساڵدا ئەنجامیاندا[٣١].

دوابەدوای ئەم ڕووداوانە دەسەڵاتدارانی عێراق، تێگەیشتن ناتوانن بەبەکارهێنانی هێز شۆڕشی کوردستان لەناوبەرن، بەمەبەستی ئاگربەست و دەستپێکردنی گفتوگۆ، پەنایان بردە بەر پەیوەندی کردن بەسەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان[٣٢]، بۆ ئەم مەبەستە لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٩ بەعسییەکان لەڕێگای ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە چەند پێشنیارێکیان سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد، بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان نارد، هەرچەندە پێشنیارەکان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردییەوە ڕەتکرایەوە، بەڵام ئەمە دەستپێکی کرانەوەی دەرگای گفتوگۆی نێوان هەردوولا بوو[٣٣].

(ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش- عێراق) بۆ پیشاندانی نیازپاکی خۆی لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٩ بڕیار دەدات[٣٤] کەهاونیشتمانیانی باکوری عێراق مافی هەڵبژاردنی زمانی کوردیان لەهەموو پرۆگرامەکانی خوێندن

---

وەرگرتووە،ێستا لەهەولێر دەژی، عەلی کەمال بەرزی، کەسایەتی ناودارانی کورد سەدەی بیستەم، بەرگی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩، ل٢٦٨.

([٢٨]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مامۆستا محەمەد عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤١-٤٢.

([٢٩]) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانیی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٧ ، ل٨٤.

([٣٠]) مسعود البارزاني: البارزاني والحركة التحررية الكردية، الثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥، جزء ٣، اربيل، ٢٠٠٢، ص ص ٢٠٩-٢١١؛ سعد ناجي جواد، مصدر سابق، ص ١٥٥.

([٣١]) مسعود البارزاني: مصدر سابق، ص ٢١٥-٢١٧.

([٣٢]) فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

([٣٣]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٢٢٥؛ فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩-٤٠.

([٣٤]) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

پێ بدرێت تا قۆناغی کۆتایی خوێندنی دواناوەندی[٣٥].

لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ حکومەتی بەعس بۆ هەمان مەبەستی پێشووی لەبەیاننامەیەکدا، لەلایەن (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش- عێراق) بڕیاری پێدانی هەندێ لەمافە زمانەوانییەکان و رۆشنبیرییەکانی گەلی کوردیدا کەبڕیارەکانیش بریتی بوون لە[٣٦]:

١- خوێندنی زمانی کوردی لەپۆلی شەشی ئامادەیی و گشت زانکۆکان و پەیمانگاکانی مامۆستایان و کۆلێژی سەربازی و کۆلێژی پۆلیس[٣٧].

٢- هەموو کەرستەکانی روون کردنەوە بەزمانی کوردی بن لەهەموو ئەو قوتابخانانەی کەبەزمانی کوردی دەخوێنن.

٣- زمانی عەرەبی لەهەموو ئەو قوتابخانانە دەخوێندرێت، کەزمانی کوردی زمانی خوێندنی قوتابخانەکە بێت.

٤- ئامادەکاری پێویست بۆ گۆڕانکاری ریشەیی و گشتگیر لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی[٣٨] بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بتوانێت ئەو ئەرکانە لەئەستۆ بگرێت کەپێی سپێردراون، دروستکردنی فەرمانگەی پێویست بۆ ڕای کردنی کاروباری پەروەردەی کوردی لەداهاتوودا.

٥- هەموو جۆرە کتێبێکی زانستی و ئەدەبی و سیاسی کوردی و ئەو کتێبانەی کەئامانجی نیشتمانی و نەتەوایەتی و پێشکەوتنی کورد دەردەخەن، بخرێتە ناو کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەکانی قوتابخانەکان.

٦- رێ خۆشکردن بۆ ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی کورد بۆ دامەزراندنی یەکێتییەکی تایبەت، کار بکرێت بۆ یارمەتیدانیان بەمەبەستی چاپکردنی بەرهەمەکانییان، بواریان پێ بدرێت بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی توانای زمانەوانییان، دواتریش بەستنەوەی ئەم یەکێتییە بەیەکێتی ئەدەیبانی عێراقەوە[٣٩].

٧- دامەزراندنی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بەزمانی کوردی.

٨- دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی کەسەر بەوەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن بێت.

٩- دەرچوونی رۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بەزمانی کوردی لەدەزگای گشتی رۆژنامەوانی.

١٠- زیادکردنی بەرنامەی کوردی لەتەلەفزیۆنی کەرکوك، تا ئێستگەیەکی تەلەفزیۆنی تایبەت بەزمانی کوردی دادەمەزرێندرێت.

---

(٣٥) مجلس القيادة الثورة، رقم القرار ٤٤٦١، تاريخ القرار ١٩٦٩/٩/٢٨.

(٣٦) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(٣٧) جێگای ئاماژە پێ کردنە هاوشێوەی ئەو بڕیارانەی کەبۆ زمانی کوردی دەرچووە، لە٢٤/ کانوونی دووەمی/ ١٩٧٠، بۆ زمانی تورکمانیش دەرچووە بەمەبەستی پێدانی مافی زمانەوانی و رۆشنبیری ئەم پێکهاتەیە، هەرچەندە تورکمانەکان لەپێکهاتەی نەتەوەیی شاری هەولێردا بەشدارن، بەڵام دوای ئەم بڕیارەش قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان بۆ نەکرایەوە لەشارەکەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

(٣٨) ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە، لەساڵی ١٩٥٩ دامەزراوە بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی زانیاری گشتی کوردی)، بەڵام بەهۆی کێشە سیاسییەکانەوە لەهەندێك کاتدا چالاك نەبووە؛ د.أحسان فؤاد، خوێندنی کوردی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٩٩) ئەیلولی ١٩٨٣، ل ٣٠.

(٣٩) مجلس قيادة الثورة، رقم القرار (٤٨٤)، تاريخ القرار ١٩٦٩/١٠/٩.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١١- هەموو فوتابخانە و فەرمانگە فەرمییەکان لەناوچەی کوردی بەناوی مێژوویی و جوگرافی کوردییەوە ناو بنرێن.

١٢- پێویستە لەسەر هەموو وەزارەتەکان ئەم بڕیارانە جێ بەجێ بکەن[٤٠].

بەخوێندنەوەی هەردوو بڕیارەکە ڕوون دەبێتەوە کەحزبی بەعسی دەسەڵاتدار لەعێراق، گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کەکێشەی کورد لەڕێگەی زەبر و زەنگ و شەڕەوە چارەسەر نابێت و ناتوانن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی سەرکوت بکەن. بۆیە هەوڵیانداوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری بکەن، لەبڕیارەکانی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دەردەکەوێت بەشێکی مافە ڕۆشنبیری و زمانەوانییەکانی گەلی کورد بەدەستهاتووە، خوێندن بەزمانی کوردی لەهەرسێ قۆناغ دا یەکێك لەو داخوازییە هەمیشەییانە بووە کەزۆر جەختی لەسەر کراوە و باسکراوە[٤١]، بڕیاری کردنەوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە و هاندانی شاعیران و ئەدیبانی کورد بۆ نووسین ئەمانە و چەند بڕیارێکی تر هەمووی دەستکەوتێکی گەورە بوون، ئەمانە دەستپێك بوون بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و لێك نزیك بوونەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی و حکومەتی بەعس و دواتریش پێدانی مافی ڕۆشنبیری و سیاسیش، کەبۆ چەند ساڵێك لەبەرژەوەندی خوێندنی زمانی کوردی و پەروەردە و دۆزی کورد دا بوو.

دوابەدوای ئەم بڕیارانە لەتشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا، حکومەتی عێراق لەڕێگەی (عەزیز شەریف)[٤٢]ەوە پەیوەندیان بەشۆڕشی کوردەوە کرد، بەمەبەستی زانینی بیروڕای سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، بارزانیش دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاریاندا بەدەستپێکردنەوەی گفتوگۆ[٤٣].

لێرەدا گفتوگۆی نێوان هەردوولا دەستی پێکرد دوای ناردنی چەند شاندێك بۆ لای بارزانی، وێڕای جیاوازی بۆچوونی هەردوولا لەسەر هەندێ پرسی گرنگ و چارەنووسساز وەك (دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی) دەرئەنجامی گفتوگۆکان بەبەیاننامەی (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) کۆتاییان پێهات[٤٤].

بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەیەکێك لەدەستکەوتەکانی گەلی کورد هەژمار دەکرێت لەخەباتی چەکداری مێژووی نوێ و هاوچەرخ دا، دوای ڕاگەیاندنی ئەم بەیاننامەیە دانیشتوانی شاری هەولێر، هاتنە سەر شەقامەکان بەمەبەستی دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان و بەو هیوایە بوون کەکۆتایی بەشەڕ و کێشەکان بهێنرێت، یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش بۆ پشتیوانی لەبەیاننامەکە خۆپیشاندانێکی فراوانیان ساز کرد، کەژمارەیەکی زۆر لەقوتابیانی شاری هەولێر لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن بەشدار بوون و چالاکی جۆراوجۆریان پێشکەش کرد، لەو قوتابیانەی کەبەشداربوون (تارق جامباز، نوری نانەکەلی، ئەکرەم مەنتك،

---

([٤٠]) نفس المصدر.

([٤١]) التآخي، عد (٢١٧)، ١٩٦٨/٢/١٨.

([٤٢]) عەزیز شەریف: ساڵی ١٩٠٤ لەشاری عانە هاتۆتە دنیاوە، (کۆلێژی ماف)ی لەزانکۆی بەغداو لەساڵی (١٩٣٢) تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٣ بووە بەقازی لەشاری بەسرە، لەپیشەی دادوەری دوورکەوتۆتەوە بەهۆی گرنگی دانی بەکاری سیاسی و ڕاگەیاندنەوە، یەك لەو کەسایەتیانە بووە کە دڵسۆزی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بووە لەعێراق وبەشداری دەرچووی بەیاننامەی ١١ی ئازار، لەکۆتایی دەفتاکان وڵاتی بەجێ هێشتووەو لەمۆسکۆ ژیاوە، تاساڵی (١٩٩٠) کۆچی دوایی کردووە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دکتۆر عصام عزیز شریف، مذکرات عزیز شریف، ب.م، ٢٠١٠، ص ص١٦- ٤٤.

([٤٣]) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٢٢٦.

([٤٤]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩-٤٨.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

سەعدی خەلیل،...)[٤٥].

لەڕووی سیاسیەوە بەشێك لەماف و داواكارییەكانی گەلی كورد دانی پێنرا و لە ڕووی ڕۆشنبیری كوردی و بایەخدان بەزمانی كوردی بەشێكی زۆر لەداواكارییەكانی گەلی كورد لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەی پێ كراوە (هەرچەندە وەك دواتر دەردەكەوێ بەشێوەیەكی ڕووكەش بووە).

**سەبارەت بەمافە ڕۆشنبیرییەكان و بایەخ دان بەزمانی كوردی بەیاننامەكە چەند خاڵێكی گرنگی لەخۆ گرتووە كەبریتین لە:**

١- زمانی كوردی دەبێت بەزمانی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی كەزۆرینەیان كوردنشینن و دەبێت بەزمانی خوێندنیش لەگەڵ زمانی عەرەبی لەم قوتابخانانەدا.

٢- قوتابیانی زەرەرمەند لەبارودۆخی شەڕ چ ئەو قوتابیانەی كەدەركراون لەخوێندن یان ئەوانەی ناچار بوون واز لەخوێندن بهێنن، بگەڕێنەوە بۆ خوێندن و كێشەكانیان چارەسەر بكرێت.

٣- كردنەوەی ژمارەیەكی زۆری قوتابخانە لەناوچە كوردیەكاندا و بەرزكردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێندن، وەرگرتنی قوتابیانی كورد لەزانكۆ و كۆلێژی سەربازی و دابینكردنی كۆرسی خوێندن بۆیان بەبێ جیاوازی.

٤- گەلی كورد بتوانێت ڕێكخراوەكانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایانی تایبەت بەخۆی هەبێت[٤٦].

واتە خوێندن بەزمانی كوردی یەك لەو خاڵانە بوو كەهەمیشە لەزۆربەی ڕێككەوتننامە و بەیاننامەكان جەختی لەسەر كراوەتەوە، تا دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەش خوێندنی كوردی لەقوتابخانە سەرەتاییەكاندا و لەهەموو ناوچە كوردییەكانیشدا پەیڕەو نەدەكرا، بەڵام دواتر ئەم بوارە بەرەو پێشچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی چ لەڕووی كردنەوەی قوتابخانەی كوردی زیاتر، چ لەڕووی وەرگێڕانی كتێبی قوتابخانەكان و هەوڵدان بۆ بەكوردی كردنی ناوەندی و ئامادەییەكان[٤٧].

چارەسەركردنی كێشەی ئەو قوتابییانەی كەبەهۆی كێشە سیاسییەكانەوە لەخوێندن دابڕابوون یەك لەخاڵە گرنگەكانی تری ئەم قۆناغە بوو چونكە ژمارەیەكی زۆر لەقوتابییانی كورد لەهەموو پارێزگاكانی كوردستانی عێراق بەدەست ئەم كێشەیەوە دەیاننالاند و ترسی لەدەستدانی پرۆسەكەیان هەبوو، بەم شێوەیە یەك لەكێشەكانی بواری پەروەردە و قوتبیان چارەسەركرا. جگە لەمانەش كێشەی وەرنەگرتنی قوتابییان لەخوێندنی باڵا كەمافی خۆیان بوو بەپێی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوان وەربگرێت، یەك لەكێشەكانی تر بوو، ئەم داواكاریانەش داواكاری پێشووتری سەركردایەتی شۆڕشی كوردی بووە، تەنانەت لەڕۆژنامەی (تأخی)یش جەختی لەسەر كراوەتەوە[٤٨].

هەرچەندە ئەم خاڵانە و خاڵەكانی تری بەیاننامەكە بەشێكی سەرەكی داواكاریەكان و ویستەكانی گەلی كورد بوو، بەڵام كەمی لێ جێ بەجێ كرا و زۆر شت وەك خۆی مایەوە و بەڵێنەكان نەبرانە سەر و لەگەڵ تێپەڕینی كات كێشەی گەورەی لێ دروست بوو.

---

([٤٥]) چاوپێكەوتن لەگەڵ (تاریق جامباز)، هەولێر، ٢٠١٨/٨/١٠؛ حاجی مەمۆ، لەهەواری یادەوەرییەكاندا، زنجیرەی دووەم، كوردستان، ٢٠١٨، ل ٣٨.

([٤٦]) مجلس القيادة الثورة، رقم القرار (٢٨٨)، تاريخ القرار ١٩٧٠/٣/١١.

([٤٧]) حكومەتی بەعس بۆ ئەم مەبەستە و بەرەوپێش بردنی پرۆسەكە لەشارەكانی كوردستاندا لە ١٩٧٠/١٢/٨ لقی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی كوردی لەشاری هەولێر كردۆتەوە، كەخزمەتی زۆری شاری هەولێری كردووە، جريدة (الجمهورية)، عدد (٩٣٩)، ١٩٧٠/١٢/١٠.

([٤٨]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: التأخي، عدد (١٠٨)، ١٩٦٧/٨/١٧، التأخي، عدد (١٥٧)، ١٩٦٧/١٠/٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تەوەری دووەم

## جموو جوڵی مامۆستایان و قوتابیانی شاری هەولێر دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠

یەك لەخاڵەكان مافی بەگەلی كورد دابوو كەبتوانن ڕێكخراوی تایبەت بەخۆیان هەبێت، لەم هەلومەرجە نوێیەدا یەكێتی نووسەرانی كورد[٤٩] لەبەغدا یەكەم كۆنگرەی خۆی لە ٢٣-٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ بەست[٥٠]. ژمارەیەك لەمامۆستایانی شاری هەولێر چالاكانە بەشدارییان كرد وەك (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، حەمەكەریم هەورامی، سامیە شاكر، عەبدوڵلا پەشێو، كەریم شارەزا، مەجید ئاسنگەر...). دوا بەدوای دامەزراندنی ئەم یەكێتییە، ژمارەیەك لەنووسەران و شاعیرانی هەولێر لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠ وتوێژی ئەوەیان كرد، كەلقی هەولێری یەكێتی نووسەرانی كورد دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستە داواكارییان پێشكەش بەپارێزگای هەولێر كرد بۆ مۆڵەتدانیان و دواتر بەبڕیاری پارێزگای هەولێر (عەبدولوەهاب ئەتروشی)[٥١] لە ١٩٧٠/١٢/٣ یەكێتی نووسەرانی كورد/ لقی هەولێر مۆڵەتی پێدرا و بڕیاری كاركردنی درا. لە ١٠ی كانوونی دووەمی ١٩٧١ كۆنفرانسی یەكێتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر بەسترا كەئەندامانی كۆنفرانس لەمامۆستا و ڕۆشنبیرەكانی شاری هەولێر پێك هاتبوو لەپاڵ كار و خزمەتی مامۆستایەتی لقی هەولێری یەكێتییەكەشیان بەڕێوەدەبرد، ئەندامانی ئەم یەكێتییەش ژمارەیەكی زۆر لەمامۆستایانی لەخۆ دەگرت وەك (بەدرخان سندی[٥٢]، حەمە كەریم هەورامی، كەریم شارەزا، عەبدوڵلا پەشێو، عەزیز گەردی[٥٣]، حوسێن ڕەشوانی...)[٥٤].

بەپێی یاسا یەكێتی نووسەران ساڵی جارێك كۆنگرەی گشتی دەبەست و گشت ئەندامانی یەكێتییەكە بەشدارییان تێدا دەكرد.

كۆنگرەی دووەمی یەكێتی لەڕێكەوتی ١٤-١٩٧١/٧/١٧ لەهەولێر بەسترا. لەژێر دروشمی (ئەدەبێكی شۆڕشگێڕانە و ئەدیبێكی دڵسۆزی گەلمان ئەوێت)، شوێنی بەستنی كۆنگرەكەش هۆڵی شارەوانی هەولێر (قاعە

---

([٤٩]) هەرچەندە دامەزراندنی یەكێتی نووسەرانی كورد لەڕۆژی ٢١/ شوباتی/ ١٩٧٠ بووە، واتە مانگێك پێش دەرچوونی بەیاننامەی ئادار، بەڵام وەك قەوارە، دەست بەكاربوونی لەدوای بەستنی كۆنگرەی یەكەمی بوو، هەربۆیەش لێرە وەك دەستبەكاربوون و كۆنگرەی یەكەمی ئاماژەمان بۆ كردووە. ئازاد عوبێد ساڵح، كاریگەری شۆڕشی ئەیلول...، ل٢١٥.

([٥٠]) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: المناهج والنظام الداخلي لاتحاد الادباء الاكراد، (یەكێتی نووسەرانی كورد)، بغداد، ١٩٧٠، ص ص ٢-٣؛ یەكێتی نووسەرانی كورد، وێستگە سەرەتاییەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد، هەولێر، ٢٠١١، ل ل ٣-٧.

([٥١]) عەبدولوەهاب ئەتروشی: پارێزگای هەولێر بووە لە ١٩٧٠/٩/٥- ١٩٧٤/٣/١١، مولود بێخاڵی، پارێزگارەكانی هەولێر لەماوەی (٨٢) ساڵدا، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، شارستانی كۆمەڵایەتی، ل ٢٦-٣٨.

([٥٢]) بەدرخان سندی: ساڵی ١٩٤٣ لەشارری زاخۆ هاتۆتە دونیاوە قۆناغەكانی خوێندنی لە دهۆك وموسڵ تەواو كردووەو ساڵی (١٩٦٦ لەزانكۆی بەغداد (كۆلێژی پەروەردە-بەشی دەروونناسی تەواو كردووە)، دواتر لەساڵی ١٩٧٩ بڕوانامەی دكتۆرای لەبەریتانیا بەدەست هێناوە وەك مامۆستای زانكۆ لەبەغدا خزمەتی كردووە سەرپەرشتی چەندین نامەی ماستەرو دكتۆرای كردووە لەبواری ڕۆژنامەگەریشدا خزمەتێكی زۆری پیضشكەش كردووە ئێستا لە شاری دهۆكدا دەژیت. د. محمد علی الصویركی الكردی، المجلد الاول، ص٣٠٧.

([٥٣]) عەزیز گەردی: ساڵی ١٩٤٨ لەپارێزگای هەولێر هاتۆتە دونیاوە قۆناغەكانی خوێندنی هەرلەم شارە تەواو كردووەو وەك مامۆستای سەرەتاییء ناوەندی خزمەتێكی زۆری پێشكەش كردووە ودواتریش بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرای بەدەست هێناوەو لەڕووی ڕۆژنامەگەریەوە كەسایەتییەكی چالاكەو لەژمارەیەكی زۆر ڕۆژنامەدا كاری كردووە خزمەتێكی گەورەی كتێبخانەی كوردی كردووە ئێستا لەشاری هەولێر دەژیت، عەلی كەمال بەندی، بەرگی یەكەم، ل ل١٩٩-٢٠٠؛ د. محمد علی الصویركی الكردی، المجلد الثالث، ص ص، ٢٠٠٤- ٢٠٠٥.

([٥٤]) عەبدولڕەحمان فەرهادی، یەكێتی نووسەرانی كورد- لقی هەولێر لەدامەزراندنەوە تا ئێستا، هەولێر، ٢٠١٣، ل ل٥-٩.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

الشعب) بوو، ژمارەیەك لەمامۆستایانی هەولێر بەشداری ئەم کۆنگرەیان کردووە.

لە ١٥-٨-١٩٧١ کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بەسترا، مامۆستایانی هەولێر وەك (عیزەدین فەیزی، کەریم شارەزا، حەمەکەریم هەورامی، عەزیز گەردی....) بەشداریان تیادا کردووە، دەستەی بەڕێوەبەری گشتیش بەم جۆرە دەستنیشان کران: (عزەدین فەیزی- سەرۆك، حەمەکەریم هەورامی- جێگری سەرۆك، کەریم شارەزا- سکرتێر). دەستەی بەڕێوەبەرانی نووسەرانی کورد لقی هەولێر چالاکی زۆریان نواند، یەك لەبەشە گرنگەکانی چالاکییەکانیان بەستنی شەش کۆڕ بوو کەزۆربەی کۆڕەکان لەلایەن مامۆستایانەوە بەستران[٥٥].

یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش وەك توێژێکی چالاك و ڕێکخراوێکی تۆکمەی مەیدانی سیاسی، کۆنگرەی شەشەمی لەناوپردان بەسەرکەوتووی بەست، کۆنگرەکە لە (١٠-١٧ی تەمموزی ١٩٧٠) بەردەوام بوو، بەبەشداری کردنی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان کۆنگرەکە بەڕێوەچوو[٥٦]، ئەم یەکێتییە سوودی لەدروستبوونی ئەو کەشە ئازادە وەرگرت کەهاتبووە ئاراوە، جموجۆڵەکانییان فراوانتر کرد و زۆر چالاکانە لەناو مەیدانی سیاسی و کـۆمەڵایەتی کارەکانیـان ڕادەپەڕانـد، لەهـاوینی ١٩٧١ ژمـارەیەك لەقوتابییـان (سـەربازگەی قوتابیانییـان لەگونـدەکانی کوردسـتان) (معسكرات الطلبە فی الریف الكردستانی) کـردەوە. ژمـارەیەکی زۆر لەقوتابیـانی (دواناوەندیەکانی کوردستان و قوتابیانی کۆلیژ)ی، ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، ماوەی ئەم سەربازگانەش لەنێوان دوو هەفتە بۆ سێ هەفتە بوو. ئامانج لەکردنەوەی ئەم جۆرە سەربازگانەش چەند خاڵێك بوو:

١- قوتابی فێر بکرێت لەدەرەوەی هۆڵەکانی خوێندن بەشێوەیەکی مەیدانی پراکتیز بکات و بەفیرۆنەدانی پشووی هاوینە بۆ کردنەوەی سەربازگە لەناوچە گوندنشینە دوورە دەستەکانی کوردستان و تێکەڵبوون و لێك نزیك بوونەوەیان لەگەڵ جوتیاران و تێگەیشتن لەکێشەکانیان[٥٧].

٢- جوتیارانی کوردستانی هەست بەوە بکەن کەچینی ڕۆشنبیری شارەکان گرنگی بەچۆنیەتی ژیانیان و کێشەکانیان دەدەن، ڕاستی ژیانی جوتیاران بگوازنەوە بۆ خەڵکی تر و لەنووسینەکانیاندا ئاماژەی پێ بدەن تا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ئاشنا بێت بەچۆنیەتی ژیانیان.

قوتابیان لەسەربازگەکانیاندا ڕۆژانە سەردانی جوتیارانیان دەکرد و شەوانەش بانگهێشتیان دەکردن بۆ شوێنی سەربازگەکانیان و وتار و وانەی نیشتمانیان پێشکەش دەکردن. ئەم جۆرە سەربازگانەش لەهاوینی ١٩٧٢-١٩٧٣یش دا بەردەوامی هەبوو، تاقیکردنەوەیەکی پێشکەوتوو بوو بۆ لێك نزیك بوونەوە و تێکەڵبوونی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە[٥٨].

---

([٥٥]) عەبدولرەحمان فەرهادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١؛ حەمە کەریم هەورامی، چیرۆکی من و گوندەکەم، بەرگی٣، هەولێر، ل ل ٥٢-٥٥، ٥٧-٥٨.

([٥٦]) المنظمات الجماهیریة الكوردستانیة ١٩٥٣-١٩٩١، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، دراسة رقم (٣٥)، اربیل، ١٩٩٩، ص ٤٩.

([٥٧]) معسكرات الطلبة في الریف الكوردستاني، من منشورات اتحاد طلبة كوردستان، بغداد، ١٩٧١، ص٥-٩؛ فرهاد عوني، ذاكرة الأیام، تقدیم: د. عبدالفتاح علي البوتاني، أربیل، ٢٠١١، ص ص ١٠٩-١٢٧.

([٥٨]) المنظمات الجماهیریة الكوردستانیة ١٩٥٣-١٩٩١، مصدر سابق، ص٥١-٥٢.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ماموٚستایانیش هاوشێوەی چین و توێژەکانی تری کوٚمەڵگە ئەم ئازادیەی فەراهەم ببوو، بوو بەهەوێنی کار و چالاکی زیاتر و کارکردنی ئاشکرایان، بەم شێوەیە کوٚنگرەی سێیەمی ماموٚستایانی کوردستان لە (ناو پردان) بەسترا، یەکەم کوٚنگرەی ئاشکرا و سەردەمی ئازادی بوو، لە (٥ی ئابی ١٩٧٠) لەژێر دروشمی (ئاشتی، زانست، برایەتی) ساز کرا، لەم کوٚنگرەیەدا زوٚر ڕاسپاردەی گرنگ سەبارەت بەبایەخدان بەکتێب و خوێندنی کوردی لەقوتابخانەکان دا پێشنیارکرا و دواتر لەپەیڕەوی ناوخوٚی یەکێتییەکە دا چەسپێندران و چەند لیژنەیەکیش بوٚ ڕێکخستن و بەدواداچوونی کارەکان دروستکران، ژمارەیەکی زوٚر لەماموٚستایانی شاری هەولێر بەشداری ئەم کوٚنگرەیان کرد وەك: (محەمەد ئیسماعیل محەمەد، حوسێن ڕەشوانی، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر[٥٩]، محمد سەرسپی، فەتحیە علی حوسێن کەسرە،...)[٦٠].

یەك لەدەستکەوتەکانی تر، دامەزراندنی (کوٚڕی زانیاری کورد) بوو، کەدامەزراندنەکەی بەبڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شوٚڕش و بەپێی یاسای ژمارە ١٨٣ی ساڵی ١٩٧٠ بوو، کەئەم یاسایە (٢٥) ماددەی لەخوٚ گرتووە و ئامانج و پێکهاتەی کوٚڕ دیاری کراوە[٦١]. کوٚڕ بایەخێکی تایبەتی بەکێشەکانی زمانی کوردی داوە[٦٢]، لەکارە شایستەکانیشی دەرکردنی گوٚڤار و کتێب بووە[٦٣].

لە ١٩ی ئابی ١٩٧٠دا کوٚمەڵەی ڕوٚشنبیری کوردی دادەمەزرێندرێت لەلایەن وەزارەتی ناوخوٚی عێراقەوە موٚڵەتی یاسایی وەردەگرن. لەئامانجەکانی ئەم کوٚمەڵەیە کردنەوەی قوتابخانە بوو بوٚ هەموو قوٚناغەکان، زوٚر گرنگیان بەفێربوونی زمانی کوردی دەدا، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لەلایەن بەرپرسەکان هەوڵیانداوە یارمەتیدەربن بوٚ بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی و وەرگێڕانی کتێب بوٚ زمانی کوردی، و هەوڵیانداوە بوٚ دەرکردنی نامیلکە و کتێبی ڕوٚشنبیری کەلەگەڵ یاساکان بگونجێ و یارمەتی دانی قوتابیانی کورد بوٚ خوێندن و دابین کردنی شوێنی حەوانەوەیان و ناردنی بەهرەدارەکانیان بوٚ خوێندن لەدەرەوەی عێراق، کوٚمەڵە خزمەتێکی زوٚری بەکردنەوەی خولی فێرکردنی زمانی کوردی و گێڕانی کوٚڕ و سیمینار لەبارەی

---

([٥٩]) ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: ساڵی ١٩٣٠ لەشاری هەولێر هاتوٚتە ژیانەوە دوای تەواو کردنی قوٚناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی، لە کوٚلێژی زانست و ئاداب (مێژوو) لەزانکوٚی ئەمەریکی لەبەبیروت وەرگیراوە، ساڵی (١٩٥٥) بەسەرکەوتویی کوٚلیژی تەواو کردووەو گەراوەتەوە عێراق و ماوەی چەند ساڵێك لەبواری پەروەردەیی دا خزمەتی کردووە دواتر چوٚتە یەکێتی سوٚڤیەت بوٚ تەواو کردنی خوێندنی باڵاو دکتوٚرای لەمێژوودا بەدەست هێناوە خاوەنی ژمارەیەکی زوٚر کتێب ولێکوٚڵینەوەو وەتارە بەزمانی عەرەبی وکوردی، د. محمد علی الصويركي الكردي، المجلد الاول، ص ص١٦٨-١٦٦٩.

([٦٠]) النظام الداخلي لاتحاد معلمي كوردستان أقرة المؤتمر الثالث الذي عقد في ناوبردان بتأريخ ١٩٧٠/٨/٥، م. وشيار حەمەد حاجی، یەکێتی ماموٚستایانی کوردستان (چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکوٚشان ١٩٦٢-١٩٩٨)، هەولێر، ١٩٩٨، ل ل٥٨-٥٩.

([٦١]) الوقائع العراقية، عدد (١٩١٧)، ١٩٧٠/٩/٨.

([٦٢]) د. ئازاد عوبێد ساڵح، کوٚڕی زانیاری کورد لێکوٚڵینەوەیەکی مێژووییە، گوٚڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (٣٩)، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢٥٨.

([٦٣]) بوٚ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ئازاد عوبێد ساڵح، کوٚڕی زانیاری کورد کار و چالاکییەکانی ١٩٧٠-١٩٧٨ گوٚڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (٤٠)، هەولێر، ٢٠١٨، ل٨٦، شوان سلێمان یابە، ئیندێکسی گوٚڤاری کوٚڕی زانیاری کورد ١٩٧٣-٢٠٠٢، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ل ٤٣، ٦٣، ١٠٥.


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

**مێژوو و ئەدەب و رۆشنبیری کوردی و زمان و کۆمەکی نووسەرانی کردووە کەکتێبەکانیان چاپ بکەن[٦٤].**

**لەرێککەوتی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٧٢ لقی هەولێری کۆمەڵە دامەزراوە و یەکەم کۆنفرانسیشی لە ١٠ی شوباتی ١٩٧٢ دا بەستووە، یەکێك لەچالاکییەکانی کۆمەڵە لەشاری هەولێر دەرکردنی گۆڤارێك بووە بەناوی (رۆشنبیر)، کەتەنها یەك ژمارەی لەساڵی (١٩٧٣)دا لێدەرچووە جگە لەدەرکردنی ئەم گۆڤارە کار و چالاکی تری ئەنجام داوە لەوانە کۆڕێکی فراوانی بەناوی (لەرۆژی رۆژنامەگەری کوردی)دا ساز کردووە کەژمارەیەکی زۆر لەنووسەران و مامۆستایانی شار تێیدا ئامادەبوون[٦٥].**

**لە ٢-٣ی شوباتی ١٩٧٢ لەژێر دروشمی (بەزۆر فێرکردن- یەکێتی نیشتمانی- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە (هۆڵی گەل) لەشاری هەولێر بەسترا[٦٦]، بەئامادەبوونی (٢٥٠) ئەندام، و کۆنگرە بەوتاری وەزیری پەروەردەی حکومەتی عێراق (د. ئەحمەد عبدالستار الجواری) [٦٧] دەستی پێ کرد، کۆنگرە دوو رۆژی خایاند و لەئەنجامدا ژمارەیەك ڕاسپاردەی دەرکرد، کەهەموو خاڵەکانی لەبەرژەوەندی پەروەردە و پرۆگرامی کوردی و مامۆستاکانی ناوچە کوردنشینەکان بوو، ژمارەیەکی زۆری مامۆستای شاری هەولێر لەم کۆنگرەیەدا بەشداربوون تەنانەت لەهەڵبژاردنی ئەندامانی سکرتاریەتی تازەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان سەرۆك و جێگری یەکەم و دووەم لەمامۆستایانی ئەم شارە بوون کەبەم شێوەیە بوو: (محەمەد ئیسماعیل محەمەد (سەرۆك)، عەزیز ئیسماعیل شوان[٦٨] (جێگری یەکەمی سەرۆك)، د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (جێگری دووەمی سەرۆك)) [٦٩].**

**دوای تێك چوونی ڕەوشی سیاسی و خراپ بوونی پەیوەندی نێوان حزبی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی، مامۆستایان وەك هەمیشە لەکار و چالاکییەکانی خۆیان بەردەوام بوون، لەرۆژی ١٩٧٤/١/٢٥ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری ئەنجام درا لەنێوان لیژنەکانی مامۆستایان کەپێك هاتبوو لەلیستی (یەکێتی**

---

**(٦٤) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول... ، ل ٢١١؛ مجله (شمس کردستان) عدد (١)، بغداد، حزیران ١٩٧٠، ص٢٧.**

**(٦٥) عبدالقادر محمد ئەمین، کورتە باسێکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لقی هەولێر، گۆڤاری (رۆشنبیر)، ژمارە (١)، ١٩٧٣، ل ل ٤٦-٤٧؛ هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزاڤی رۆشنبیری لەشاری هەولێر لەساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥)دا، دەزگای رۆسا، هەولێر، ٢٠١٦، ل١٤٥.**

**(٦٦) تێبینی: ئەم کۆنگرەیە لەڕۆژنامەی برایەتی ئاماژەی پێ کراوە بە ٥-٦/٢/١٩٧٣، رووداوەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٤١)، ١٩٧٣/٣/٨، ل٥.**

**(٦٧) ئەحمەد عبدالستار، الجواری: ساڵی (١٩٢٤) لەبەغدا لەدایك بووە" قۆناغەکانی خوێندنی لەم شارە تەواو کردوە. لە (١٩٤٢) (خانەی باڵای مامۆستایانی) لەبەغدا تەواو کردووەو دواتر لە (١٩٤٥) ماستەری بەدەست هێناوەو وەك مامۆستا لەخانەی باڵای مامۆستایان دامەزراوە لە (١٩٥٣)یش دکتۆرای بەدەستهێناوە لە (١٩٦٢) نەقیبی مامۆستایان بووەو لە ساڵی ١٩٦٣ وەزیری معارف و لە ١٩٦٨ وەزیری پەروەردەو فێرکردن و لە ١٩٧٥ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بووە تاساڵی (١٩٧٩) لەنێوان ساڵانی (١٩٦٨-١٩٨٢) سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی عەرەب بووە، خاوەنی ژمارەیەك کتێب ونوسراوە، ساڵی (١٩٨٨) لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە، کامل الجبوری، معجم الأدباء من العصر الجاهلی حتی سنة (٢٠٠٢)، جزء الاول، دار الکتب العلمیة، بیروت، ٢٠٠٢، ص ١٧٥-١٧٦.**

**(٦٨) عەزیز ئیسماعیل شوان: عەزیز اسماعیل شوان: ناوی تەواوی (عەبدولعەزیز مەلا ئیسماعیل مەلا محەمەد)، ساڵی (١٩٤١) لەپارێزگای هەولێر هاتۆتە دونیاوە، دەرچووی ئامادەیی بازرگانی و خولی پەروەردەییە، لەساڵی (١٩٥٩) بۆیەکەمجار وەك مامۆستا دامەزراوە، بەهۆی کاری سیاسی چەند جارێك دووجاری بەندیخانەو گواستنەوە هاتووە، لەبواری رۆژنامەگەری وخزمەتکردنی کۆمەڵەو یەکیضتیەکاندا رۆڵی کارای هەبووە، ئەبوو بەکر ئیسماعیل شوان، عەزیز شوان پێگەی خەبات وپێشەنگی پەرورەدەییدا، (کۆڤاری ئاسۆ پەروەردەیی)، ژمارە (٤٠) ، شوباتی ، ٢٠٠٤، ل ل٢٧-٢٩.**

**(٦٩) م. وشیار حەمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی...، ل ل ٦٠-٧٠.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مامۆستایانی کوردستان، بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) بەبەشداربوونی مامۆستایانی حزبی بەعس و حزبی شیوعی عێراقی، (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێنا[٧٠]، ئەمەش بوو بەمایەی نیگەرانی حزبی بەعس.

کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش لەرۆژانی ١-١٩٧٤/٢/٣ لەژێر دروشمی (بەزۆر فێرکردن- یەکێتی نیشتمانی- ئۆتۆنۆمی) بەچاودێری سەرۆك کۆمار (أحمد حسن بەکر) لەشاری سلێمانی بەسترا. بەبەشداری (سامی عبدالرحمن) نوێنەری سەرۆك کۆمار و (ئەحمەد عەبدولستار ئەلجواری) وەزیری پەروەردەی عێراق و نوێنەری نیقابەی مەرکەزی عێراق و چەندان کەسایەتی و (٢٥٠) مامۆستای ئەندام. کۆنگرە ژمارەیەك راسپاردەی دەرکرد، دواتر رۆژی ١٩٧٤/٢/٣ مەکتەبی سکرتاریەتی تازەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەڵبژێردرا کەبەم شێوەیە بوو (م. محمد ئیسماعیل محمد (سەرۆك)، د. دارا رشید جودت (جێگری یەکەمی سەرۆك)، م. عەزیز شوان (جێگری دووەمی سەرۆك)). لەگەڵ (١٢) ئەندام و (٥) ئەندامی یەدەگ و لیژنەیەك بۆ چاودێری مامۆستایان. ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایانی شاری هەولێر بەشداری ئەم کۆنگرەیان کردووە وەك: (عەزیز اسماعیل شوان، شێخ عەفان عوسمان، محەمەد سەرسپی، هادی اسماعیل شوان، خالص جەواد، جەلال شەریف، عوسمان حەسەن دزەیی، ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، بەستی صابر، فەتحیە علی حوسێن کەسرە،...)[٧١].

دوای تەواوبوونی کۆنگرەی پێنجەمی مامۆستایانی کوردستان- لقی هەولێر بەم شێوەیە دانران (لەتیف نادر رەواندزی (سەرۆکی لق)، ئەحمەد شێخ تاهر (جێگر)، عەبدولکەیم ئەبوبەکر (سکرتێر)) [٧٢].

دوابەدوای ئەم کۆنگرەیە، کۆنگرەی (١٠) دەیەمی نەقابەی مامۆستایانی عێراق بەسترا لەلایەن مامۆستا (محمد اسماعیل) خوێندرایەوە و بڕیارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی مامۆستایانی کوردستانی گەیاندۆتە ئەندامانی کۆنگرە[٧٣].

**فەراهەم بوونی ئازادی و دەرکەوتنی چینێکی رۆشنبیر لەناو شاری هەولێر هۆکار بوون بۆ زیادبوونی گۆڤار و چاپەمەنیەکان لەم شارەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لەمامۆستا و قوتابیانی رۆشنبیری ئەم شارە دەستپێشخەر بوون لەدەرکردنی ژمارەیەك گۆڤاری پەروەردەیی ئەدەبی و زانستی، بەشێوەیەکی رێگە پێدراوە نموونەی ئەم گۆڤارانەش ئەمانەن:**

١- گۆڤاری تیشك: گۆڤارێکی پەروەردەیی ساڵانەیە[٧٤]، خانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان دەری کردووە، دوو ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە (١) یەکی گۆڤارەکە لە ١٩ی نیسانی ١٩٦٩ دەرچووە و بەئامێری رۆنیۆ چاپ کراوە، لە (٢٧) لاپەڕە پێك هاتووە[٧٥]، ژمارەی دووەمی لەساڵی ١٩٧٠ دەرچووە و لەچاپخانەی

---

(٧٠) هەمان سەرچاوە ، ل٩١.

(٧١) رۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٢٣)، ١٩٧٤/٢/٤، ل ٤، رۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٢٤)، ١٩٧٤/٢/٥، ل٤.

(٧٢) م. وشیار حەمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی... ، ل٩٣.

(٧٣) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

(٧٤) رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢٥)، ١٩٧٤/٢/٦، ل٤.

(٧٥) نزار جرجيس علی، صحافة أربيل، بغداد، ١٩٨٨، ص ٩٥؛ ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی (٨)، ل ٤٦٥٩.

کوردستان[٧٦] چاپ کراوە، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە (مەجید ئاسنگەر (بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان)، حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی (مامۆستای پەروەردە و زانست)، فاتح موحەممەد (مامۆستای زمانی کوردی)، نووری ئیسماعیل نانەکەلی (سکرتێری لیژنەکان)، ئەوکات ناوبراو قوتابی بوو لەم خانەیە) [٧٧].

ئەم ژمارە لە (٦٤) لاپەڕە پێك هاتووە، لەم گۆڤارەدا ژمارەیەك لەمامۆستایان و قوتابیانی خانەکە بابەتی (پەروەردەیی و ئەدەبی و هونەریان) تێدا بڵاو کردۆتەوە و وەك (نەشئەت محەمەد سەفوەت، مەجید ئاسنگەر، فاتح محەمەد، حەمەکەریم هەورامی، حسام بەرزنجی، شێرزاد عوزێری، عەبدوڵڵا پەشێو، زەیائەددین قەساب...) [٧٨].

٢- گۆڤاری ڕەهێڵە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی ساڵانە بوو، قوتابخانەی دواناوەندی هەولێری کوڕان دەری دەکرد، لەلایەن لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی قوتابخانەکە بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی دەرچووە، تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە، لەساڵی ١٩٧١[٧٩]دا و دەستەی نووسەرانی ئەمانە بوون: (عەبدولرەحمان ئەلسەعدی (مامۆستای زمانی کوردی)، عوسمان محەممەد دەشتی (سکرتێری لیژنەی زمانی کوردی)، دلشاد عەبدوڵڵا سنجاری[٨٠] (ئەندامی لیژنەی زمانی کوردی)، تارق حوسێن (ئەندامی لیژنەی زمانی کوردی)، ڕەهبەر جلال مامش[٨١] (ئەندامی لیژنەی زمانی کوردی)). گۆڤارەکە لە (٥٦) لاپەڕە پێك هاتووە و لە (چاپخانەی کوردستان) چاپکراوە، زۆربەی بابەتەکانیش

---

([٧٦]) چاپخانەی کوردستان: سەرەتای دامەزراندنی ئەم چاپخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٥) لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی لەشاری حەلەب، دواتر لەساڵی (١٩٢٦) گواستراوەتەوە بۆ شاری (ڕەواندز) و لە ساڵی (١٩٣٥) بۆ شاری (هەولێر) گواستراوەتەوە ئەم چاپخانەیە تاساڵی (١٩٤٨) ناوی (زاری کرمانجی) بووە، بەڵام لەم ساڵەدا بەهۆی بەرپابوونی ڕاپەڕینی کانوونی ساڵی (١٩٤٨) لەعێراقدا، جۆرە ئازادییەك هاتە کایەوە بەمەش ناوی چاپخانەکە لەلایەن گیوی موکریانیەوە گۆڕا بۆ چاپخانەی کوردستان، لەرێگەی ئەم چاپخانەیەوە دەیان پەرتووکی ئەدەبی هونەری بەچاپ گەیەندراوە، سەرباری دەرکردن و لەچاپ دانی ژمارەیەك گۆڤاریش. چاوپێکەوتن لەگەڵ (کوردۆ گیوی موکریانی) هەولێر، ٢٠١٨/١٠/٢٤؛ د.کوردستان موکریانی، ڕووناکی ١٩٣٥٠/١٠/٢٤ ١٩٣٦/٥/١٦، یەکەم گۆڤاری کوردی لەشاری هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەرووەردە، هەولێر. ٢٠٠١، ل١٦؛ گیوی موکریانی، مێژووی دامەرزاندنی چاپخانەی کوردستان،گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە (١٦٩)، کانوونی دووەم، ١٩٦٠

([٧٧]) گۆڤاری (تیشك)، ژمارە (٢)، ل١.

([٧٨]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گۆڤاری (تیشك)، ژمارە (٢)، کاکل محەممەد (بەهرام)، گۆڤاری تیشك- تیشکی هیوای قوتابیانی کورد، گۆڤاری (هەولێر)، ژمارە (٣)، هاوینی ١٩٩٩، ل ل ١٧٦-١٨٥.

([٧٩]) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

([٨٠]) دلشاد عەبدوڵڵا: ناوی تەواوی دلشاد عەبدوڵڵا خدرە، لەساڵی ١٩٥٦ لەهەولێر هاتۆتە دونیاوە، سەرنووسەری گۆڤاری (ئێستا) بووە و ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بووە، کۆمەڵێك بەرهەمی شیعر و نووسینی بەکتێب چاپ کراون، رۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٠- ٢٦)-(٨٣-٨٦)، ساڵی ١٩٧٤، زانکۆی زاخۆ، بنکەی ژین، دهۆك، ٢٠١٧، ل٣٥.

([٨١]) ڕەهبەر جەلال مامەش: لەساڵی ١٩٥٣ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەکۆیەو هەولێر تەواو کردووە، دواتر لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەشی نیگار کێشان لەشاری (مۆسکۆ) بروانامەی ماستەری بەدەست هێناوە، خاوەنی چەندان پیشانگای تایبەت بەخۆی و هاوبەش بووە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، تەنانەت ژمارەیەك گۆڤاری دەرکردووە، لەساڵی (١٩٩٨) لەشاری هیلسنگی، کۆچی دوایی کردووە، چاوپێکەوتن لەگەڵ مۆژدە جەلال حەمەد مامەش، هەولێر، ٢٠١٨/٧/١٢


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەلایەن قوتابیان و مامۆستایان نووسراوە[٨٢].

٣- گۆڤاری بیری نوێ: گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی گشتی ساڵانە بووە، لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر کوڕان بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی دەری کردووە، تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچووە لەساڵی (١٩٧٢) [٨٣]، دەستەی نووسەران پێك هاتبوون لە (عەبدولرەحمان ئەلسەعدی (سەرۆکی لیژنە)، کاردۆ عەبدولقەهار گەلاڵی[٨٤] (سکرتێری لیژنە)، عەبدوللا زەنگەنە، تاهیر حوسێن هەمەوەندی)، لە (٨٨) لاپەڕە پێك هاتووە و لەچاپخانەی کوردستان چاپ کراوە، بەشی زۆری بابەتەکانی لەلایەن قوتابیان و مامۆستایان نووسراوە[٨٥].

٤- گۆڤاری نووسەری نوێ: کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یەکێتی نووسەرانی کورد و لقی هەولێر بووە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم گۆڤارە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٢-١٩٨٠) ئەوەی لەم تەوەرەیەدا ئێمە مەبەستمانە ژمارە (١) و (٢)ی گۆڤارەکەیە، ژمارە (١)ی لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢[٨٦] دەرچووە، دەستەی نووسەران لەمانە پێك هاتوون (عیزەدین فەیزی، حەمەکەریم هەورامی، کەریم شارەزا، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەزیز گەردی، جەمیل ڕەنجبەر، مەدحەت بێخەو)[٨٧] بوون، بەسەرنج دانی دەستەی نووسەران بەئاشکرا رۆڵی مامۆستایانمان بۆ دەردەکەوێت کەچالاکانە لەپاڵ ئەرکی مامۆستایی دا خزمەتیان گەیاندووە بەبواری رۆشنبیری و لەکۆمەڵەکانیش دا چالاکانە بەشدار بوون، ئەم گۆڤارە لەچاپخانەی کوردستان چاپ کراوە و لە (٥٦) لاپەڕە پێك هاتووە و (١٥) نووسەر بەرهەمەکانیان لەم ژمارەیەدا بلاو کردۆتەوە کەهەمووشیان لەئەندامانی هەمان لق بوون[٨٨].

ژمارەی دووەمی گۆڤارەکەش لە (١٩٧٤) دەرچووە، دەستەی نووسەران (عیزەدین فەیزی، کەریم شارەزا، مەدحەت بێخەو، ئەحمەد شەریف، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، مەغدید سۆران، مەجید هێرش) [٨٩]

(٨٢) گۆڤاری (رەهێڵە)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، ١٩٧١، ل١.

(٨٣) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).

(٨٤) کاردۆ گەلاڵی: ناوی تەواوی (عارەب عەبدولقەهار مستەفا)یە، ساڵی ١٩٥٢ لەهەولێر لەدایك بووە، دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی موستەنسرییە بووە. لەسەرەتای حەفتاکان دەستی بەنووسین کردووە، لەساڵی ١٩٨٣ لەسێدارە دراوە، رۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٠-٢٦)(٨٣-٨٦)، ل ٤٠.

(٨٥) محەمەد خدر مەولود، رەهێڵە و بیری نوێ دوو گۆڤار...، دوو سەرەتای جیا، گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢، ل ٢٩٢.

(٨٦) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧).

(٨٧) مەدحەت بێخەو: ساڵی (١٩٣٤) لەپارێزگای هەولێر لەیدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەپارێزگای هەولێر تەواو کردووە، بەهۆی تێکەڵبوونی بەکاری سیاسی چەند جارێك تووشی بەند کردن بووە، بۆیەش نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، لەسەرەتای پەنجاکانەوە وەك شاعیرێك دەرکەوتووە، دواتریش بەشیعری شۆڕشگێری زیاتر ناسراوەو تەنانەت یەك لەشیعرە نەتەوەییەکانی بووە بە مارشی نیشتمانی، د. عثمان امین صالح، الاتجاهات الشعرية عند الشاعر الكوردي (مدحت بيخەو)، لاپەرەی رۆژنامەی دەنگی مەخمور، ٢٠١١/١٠/٢٣

(٨٨) گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، ١٩٧٢، ل٢؛ حەمە صالح فەرهادی، لەبارەی رۆژنامەنووسی کوردییەوە، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل ل ١٦٣-١٦٤.

(٨٩) مەجید قادر باوەکر: ساڵی (١٩٤٣) لەهەولێر لەدایك بووە، دەرچووی قۆناغی ناوەندییە ساڵی (١٩٦٧) هاتۆتە ناو بواری شیعرەوە، ئیسیکلۆپیدیای هەولێر" بەشی (٨)، ل٣٤٩٩ .


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

بوون، لەچاپخانەی (حوادث) لەبەغداد چاپ کراوە، لە (٩٦) لاپەڕە پێك هاتووە و (١٩) بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە[٩٠].

٥- گۆڤاری ڕۆشنبیر: ئەم گۆڤارە لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی- لقی هەولێر دەرچووە، تەنها یەك ژمارەی لەساڵی (١٩٧٣)[٩١] لێ دەرکراوە، سەرنووسەری گۆڤارەکە (عەبدولرەزاق بیتوشی) و (ئەحمەد شەریف) سکرتێری نووسینی بووە، لەچاپخانەی ڕاپەڕین لەسلێمانی لەچاپ دراوە، گۆڤارەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی بووە و ژمارەیەك لەمامۆستایانی شاری هەولێر بابەتیان تێدا نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە[٩٢].

٦- گۆڤاری بۆ پێشەوە: گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر بووە تەنها (سێ) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە (١)ی لە ٢١ی شوباتی ١٩٧٣ دەرچووە و دەستەی نووسەرانی پێك هاتوون لە (عزیز گەردی، ئەحمەد نەقشبەندی، کەمال غەمبار، یوسف دەرگەڵەیی)، ئەم ژمارەیە لە (٣٨) لاپەڕە پێك هاتووە و لەچاپخانەی (کاکەی فەلاح) لەسلێمانی بەچاپ گەیەندراوە، ئامانج لەدەرکردنی ئەم گۆڤارە گەیاندنی کار و چالاکییەکانی یەکێتی مامۆستایان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ڕۆشنبیری پەروەردەیی بوو هەربۆیەش بەشێك لەبابەتەکانی ئەم گۆڤارە تایبەت بوو بەبواری پەروەردە و فێرکردن، ژمارە (٢)ی ئەم گۆڤارەش لەساڵی ١٩٧٣ دەرچووە، سەرنووسەری گۆڤارەکە (محەمەد مەنگوری) و (یوسف دەرگەلەیی) سکرتێری نووسینی بووە.

ئەم ژمارەیە لەچاپخانەی (حوادث) لەبەغداد چاپکراوە لە (٦٤) لاپەڕە پێك هاتووە، بەهەمان شێوە لەم ژمارەیەشدا گرنگی زۆر بەخستنەڕووی گرنگی پەروەردە و قوتابخانە و ڕۆڵی مامۆستا لەقوتابخانە و فێرکردندا دراوە. ژمارە (سێ) گۆڤارەکەش لەئاداری ساڵی ١٩٧٤ دەرچووە، لەچاپخانەی (حوادث) لەبەغداد بەچاپ گەیەندراوە[٩٣].

٧- گۆڤاری چوارچرا: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ویژەیی کۆمەڵایەتییە، لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی لەقوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی کوڕان لەهەولێر دەری کردووە، دەستەی نووسەران (عەبدولرەحمان ئەلسەعدی (سەرۆك)، عەبدوڵڵا محەمەد زەنگەنە (سکرتێر)، جەلال محەمەد بەرزنجی (ئەندام)، دڵشاد عەبدوڵڵا سنجاوی (ئەندام)) تەنها (١) ژمارەی لێ دەرچووە لەساڵی ١٩٧٣[٩٤] و ژمارەی لاپەڕەکانی (٢٢) لاپەڕە بووە و بەرۆنیۆ ڕاکێشراوە و لەشێوەی مەلزەمە بووە، بابەتەکانیشی زیاتر لەلایەن مامۆستایان و قوتابیان نووسراوە[٩٥].

---

(٩٠) نزار جرجیس علي، مصدر السابق، ص ص ١٦٧-١٦٨.

(٩١) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨).

(٩٢) گۆڤاری (ڕۆشنبیر)، ژمارە (١)، ١٩٧٣، ل١.

(٩٣) نزار جرجیس علی، مصدر السابق، ٢ ٨٥-٨٧؛ ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی(٨)، ل٤٦٠.

(٩٤) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩).

(٩٥) گۆڤاری (چوارچرا)، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٧٢، ل١، عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا، (ڕەهێلە... بیری نوێ... چوارچرا) ١٩٧١-١٩٧٤، گۆڤاری (کاروان)، ١٩٩٨، ل ل ٨٨-٨٩؛ شوان یابە ئینديکسی گۆڤاری (چوارچرا)ی قوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی کوڕان- هەولێر، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٢٥)، هەولێر، تشرینی دووەمی ٢٠٠٢، ل ل ٩٠-٩٨.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٨- گۆڤاری كاروان: بڵاوكراوەیەكی ئەدەبی گشتی بووە بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەبی كوردی لەئامادەیی كوردستان دەركراوە، تەنها ژمارە (١)ی لێ دەرچووە لە ٢٩ی نیسانی ١٩٧٥[٩٦].

٩- گۆڤاری (البدایة): گۆڤارێكی ڕۆشنبیری بووە، بەزمانی عەرەبی دەرچووە، لیژنەی زمانی عەرەبی لە (دواناوەندی هەولێری كوڕان) دەریان كردووە، تەنها یەك ژمارەی لەئاداری ١٩٧٢[٩٧] لێدەرچووە، سەرنووسەری گۆڤارەكە (حسام داود) بووە، دەستەی نووسەرانیش،(ئەبوبەكر لەشكری، بوترس هورمز ، جەنگی جەلال، سەعید فەتاح، عەبدولرەحمان بەهجەت) بوون، بەشی زۆری وتارەكانیش لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانەوە نوسراوە و گۆڤارەكەش لەچاپخانەی كوردستان چاپ كراوە كەلە (٦٤) لاپەڕە پێك هاتووە[٩٨].

بێجگە لەو گۆڤارانەی كەئاماژەمان پێكرد لەم ماوەیەدا گۆڤاری تریش بەشێوەی نهێنی دەرچووە، ژمارەیەكی زیاتر لەگۆڤار و بڵاوكراوە لەم ماوەیەدا لەشاری هەولێر دەرچووە، چ بەشێوەی ئاشكرا یان بەشێوەی نهێنی وەك (گۆڤاری هەولێر، گۆڤاری چیا، گۆڤاری ڕووناكی، گۆڤاری سەفین) بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمان بووە و جەختمان لەسەر كردۆتەوە و لەچوارچێوەی بابەتی باسەكەی ئێمەدا بووە، ئەو گۆڤار و بڵاوكراوانە بوون كەلەلایەن قوتابیان و مامۆستایان دەرچوون یان ئەم دوو توێژە ڕۆڵێك لەنوسین و بڵاوكردنەوە و دەوڵەمەندكردنی گۆڤارەكەدا گێڕاوە، هەندێك لەگۆڤارەكانیش تایبەت بوون بەبواری پەروەردەیی و گرنگی دان بەم بوارە، بۆیە زیاتر تیشك خراوەتە سەر ئەم جۆرە گۆڤارانە و مامۆستایان و قوتابیان ڕۆڵی بەرچاویان لەبڵاوكردنەوەیاندا هەبووە وەك: (گۆڤاری مۆزدە) لەلایەن یەكێتی مامۆستایانی كوردستان- لقی هەولێر، تەنها (١) ژمارەی لەتشرینی دووەمی ١٩٧٠ لێ بڵاو كراوەتەوە، بڵاوكراوەی (ڕێژنە)[٩٩]، لەلایەن یەكێتی مامۆستایانی كوردستان- لقی هەولێر بڵاوكراوەتەوە و (٣) ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارەی (١)ی لەتشرینی یەكەمی ١٩٧٠ دا و ژمارە (٢)ی لەكانوونی یەكەمی ١٩٧٠ و ژمارە (٣)ی لەكانوونی دووەمی ١٩٧١ بڵاوكراوەتەوە، ئامانج لەدەركردنی گۆڤارەكە لەروانگەی سەروتاری ژمارەی (یەك)ی دیاریكراوە كەدەڵێت: (ئاستی زانستی مامۆستایان بەرز دەكاتەوە، باشترین شێوازی وانە وتنەوە بەزمانی كوردی بڵاو دەكاتەوە، بەمەرجێك گونجاو بێت لەگەڵ منداڵەكانمان، ئەرك و كاری مامۆستا دیاری دەكات...)، هەربۆیەش بەشێكی زۆری بابەتەكانی گۆڤارەكە بابەتی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتین و چالاكییەكانی یەكێتی مامۆستایانی كوردستانیشی تێدا بڵاوكراوەتەوە[١٠٠]، زۆربەی بابەتەكانیش لەلایەن مامۆستایانی ئەندامی یەكێتییەوە ئامادەكراوە و بڵاوكراوەتەوە[١٠١].

گۆڤاری (دەنگی قوتابیانی كوردستان) لەلایەن یەكێتی قوتابیانی كوردستان- لقی هەولێر دەرچووە،

---

([٩٦]) ئینسكلۆپیدیای هەولێر، بەشی(٨)، ل ٤٦٦١.

([٩٧]) بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١٠).

([٩٨]) مجله (البدایه)، عدد (١)، السنه الأولى، اذار ١٩٧٢، ص١؛ نزار جرجیس، المصدر السابق، ص٨١.

([٩٩]) بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١١).

([١٠٠]) گۆڤاری ڕێژنە، ژمارە (١)، ١٩٧٠، ل١؛ عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمكۆ)، ڕۆژنامەوانی كوردی شاری هەولێر (١٩٣٥-١٩٧٥)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٣١.

([١٠١]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: گۆڤاری (K21)، ژمارە (٧)، هەولێر، ٢٠١٠، ل ل ١٩٣-٢٣٥.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەشـێوەیەكی مانگـانە بـووە، (٣) ژمـارەی لەسـاڵی (١٩٧٣)دا بڵاوكـردۆتەوە[١٠٢]. بڵاوكـراوەی (یـاخیبوون) ئەم بڵاوكراوەیە لەلایەن ژمارەیەك لەقوتابیانی شاری هەولێر دەرچووە، تەنها (١) ژمارەی بەشێوەی دەستنووس لەمارتی ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە[١٠٣].

جێگای سەرنج و ئاماژە پێكردنە كە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار شەپۆلێكی بەرفراوانی نووسین و چاپ كردنـی بەرهەمـی كـوردی و گرنگـی دان بەنووسـینی پەروەردەیـی چەكەرەی كـردووە، دروسـت بـوون و گەشەسەندنی ئەم بوارەش دەگەڕێتەوە بۆ لەباربوونی زەمینەی سیاسی و ئازادی ئەوكات، بۆ نووسین و ئازادی بیروڕا دەربڕین، لەلایەكی تریشەوە دەركەوتن و سەرهەڵدانی توێژێكی رۆشنبیر و ئەدیب و نووسەر كەهەمیشە خەریكی نووسین و بڵاوكردنەوەی بیری نوێ بوون، لەهەمان كاتیشدا رۆڵی لەمێژینەی چاپخانەی (كوردستان) لەناو شاری هەولێردا ناتوانرێت فەرامۆش بكرێت بەر لە ١١ی ئازار و دواتریش، ئەم چاپخانەیە پاڵپشتێكی بەهێزی لەچاپدان و بڵاوكردنەوەی گۆڤار و بڵاوكراوەی كوردی بووە، تەنانەت زۆرینەی ئەو گۆڤارانەی كەتیشكمان خستە سەر لەلایەن ئەم چاپخانەیە چاپ كراون، واتە هەبوونی ئەم چاپخانەیە لەم شارەدا رۆڵێكی ئەرێنی گێڕاوە لەبڵاوكردنەوەی رۆشنبیری كوردی و بڵاوكردنەوەی هوشیاری پەروەردەیی.

بەر لەساڵی ١٩٧٠ش كارگێڕییەكی سەربەخۆی ڕۆشنبیری كوردی و خانەیەكی چاپ و بڵاوكردنەوەی تایبەت بەكورد نەبووە، هەرچەندە داخوازییەكی لەمێژینەی سەركردایەتی كوردی بوو، هەروەك لەسەروتاری ڕۆژنامەی (تآخی)دا هاتووە (كارگێڕییەكی ڕۆشنبیری بەری خەباتی گەلەكەمان لەپێناو مافە نەتەوەییەكانی)[١٠٤]. دوای بەرەو پێش چوونی دۆزی كورد و بەیاننامەی ١١ی ئازار لەمانگی مایسی ١٩٧١ (ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراق) بڕیاری دامەزراندنی دەزگای گشتی چاپەمەنی كوردی[١٠٥] دا، ئەم بڕیارە گۆڕانكارییەكی گەورە بوو لەسەر ئاستی كوردستانی عێراق.

(چاپخانەی پەروەردە)ش یەك لەبەرهەمەكانی تری بەیاننامەكە بوو، لەئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەشاری هەولێر لەلایەن (وەزارەتی كاروباری باكوور)[١٠٦] دامەزرێنرا و ئامادەكاری بۆ كرا و بۆ ئەم مەبەستەش لەساڵی (١٩٧٣) لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە گرێبەست لەگەڵ كۆمپانیایەكی ئەڵمانی بەناوی (ئەونینكا) مۆر كراوە بۆ ئامادەكردن و دانانی ئامێرەكانی چاپخانەكە، دواتریش لەگەڵ كۆمپانیای (ئەلبنوتایب) رێككەوتن كراوە بۆ هێنانی دوو ئامێری چاپی لاینۆ لەگەڵ هەموو كەرستەكانی، هەرچەندە لەسەرەتادا وا بڕیاربوو كەئەم پرۆژەیە تایبەت بێت بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی، بەڵام دواتر لە ٢٧ی كانوونی دووەمی ١٩٧٧ خراوەتە سەر وەزارەتی پەروەردە و لە ٥ی كانوونی دووەمی ١٩٧٨ لەئاهەنگێكدا چاپخانەكە كراوەتەوە، ئەم چاپخانەیە رۆڵێكی گەورە و گرنگی بینیوە لە لەچاپدانی كتێبەكانی پرۆگرامكانی خوێندنی قوتابخانەكان.

(١٠٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موسا ئەحمەد، رۆژنامەگەری یەكێتی قوتابیانی كوردستان، لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، زنجیرە (٩)، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل ل ١٤-١٥.

(١٠٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. ئازاد عوبێد، بڵاوكراوەی دەستنووس یاخیبوون لەهەولێر-١٩٧٣، گۆڤاری (**K21**)، ژمارە (٧)، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣٩.

(١٠٤) التآخی عدد (٤٧٤)، ١٩٧٠/٦/٢٩.

(١٠٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئازاد عوبێد ساڵح، كاریگەری شۆڕشی ئەیلول ... ، ل ٢٠٩-٢١٠.

(١٠٦) ئەوكات (سامی عبدالرحمان) وەزیری كاروباری باكور بوو.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها ڕۆڵی هەبووە لەپێشخستنی بواری پەروەردەیی و بزووتنەوەی ڕووناكبیری لەشاری هەولێر و هەموو كوردستان بەگشتی[١٠٧].

حكومەتی عێراق بەمەبەستی پیشاندانی نیازپاكی خۆی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و جێ بەجێ كردنی بەڵێنەكانیان لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕش، دوای دەرچوونی بەیاننامە كەحكومەتی بەغدا هەندێ خاڵ و بڕگەی پێكهاتنەكەی بەخێرایی جێ بەجێ كرد، یەك لەم خاڵانە دامەزراندنی (مامۆستایانی شۆڕش) بوو، هەرچەندە حكومەتی بەعس هەوڵی دەدا ئەم مامۆستایانە بەشێوەیەكی فەرمی نەهێنێتە ناو بواری خوێندن چونكە ئەمانە كادیری پارتی دیموكراتی بوون. بەڵام حكومەت لەسەر داواكردنی سەرۆكایەتی شۆڕشی كورد، بڕیاری كردنەوەی خولێكی یەك ساڵی دەركرد لەشاری هەولێر بۆ ئەو قوتابیانەی كەدەرچووی شەشی دواناوەندی بوون و چووبوونە ناو شۆڕش و ببوون بەپێشمەرگە و بەفەرمانی شۆڕش كرابوون بەمامۆستای قوتابخانەكانی ناوچە ئازادكراوەكان.

خولەكە ناوی (خولی پەروەردە بۆ مامۆستایانی ناو شۆڕش) بوو، ساڵی خوێندنی (١٩٧٠-١٩٧١)ی بۆ دانرابوو لەڕێكەوتی ١٩٧١/٩/١ تەواو بوو.

دەرچووانی خولەكە ژمارەیان نزیكەی (١٠٠) قوتابی بووە و دوای دەرچوونیان بڕوانامەی دیبلۆمی مامۆستایەتیان وەرگرتووە و بەفەرمی بوون بەمامۆستای سەرەتایی[١٠٨] بەدامەزراندنیان وەك مامۆستا بەڵام بەناونیشانی (مرشد، رابەر) لەلایەن بەعسەوە ناویان نرابوو (مامۆستاكانی حزبی دیموكراتی كوردستان) [١٠٩].

بوژانەوە و بەرەوپێش چوونی كەرتی پەروەردەی لەناوچە كوردستانییەكان لەگەڵ هەبوونی ئاستەنگەكانیشدا بەردەوامی هەبوو، لەهەولێریش بەرەو پێش چوونی ئەم كەرتە بەدی دەكرا، بەتایبەت دوای ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبەغداد بڕیاری دا بەدامەزراندنی (پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان) لەهەولێر لەساڵی ١٩٧١، مامۆستا (خالص جەواد) وەك یەكەم بەڕێوەبەری پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر دەستنیشان كرا[١١٠].

هەرچەندە ئاستەنگی زۆر هەبوون وەك: نەبوونی شوێن (باڵەخانەی) گونجاو و شیاو، كەمی مامۆستایانی پسپۆڕ لەزۆربەی بابەتەكانی خوێندن، كەمی كادری پەروەردەیی كارگێڕی و هونەری، بەڵام بەهەوڵی

---

([١٠٧]) نزار جرجيس على، مصدر السابق، ص ص ٢٢٠-٢٢١، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، بەشی (٦)، ل ل ٢٤٦٦، ٢٤٦٧.

([١٠٨]) چاوپێكەوتن لەگەڵ م. حەمەكەریم هەورامی، هەولێر، ٢٠١٧/١٢/٢٢.

([١٠٩]) عەبدولواحید دیبەگەیی (حەكیم)، مامۆستایانی شۆڕشی، ل ٤٢؛ مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پایزی ٢٠٠٧، ل ٥٢-٥٣.

([١١٠]) بەر لەساڵی ١٩٧١ سیستەمی (خانەی مامۆستایان) لەعێراق پەیڕەو دەكرا، ڕێكخراوی جیهانی (یونیسیف) ئەوكاتە هەستی كرد كە ڕادەی زانست و زانیاری و پەروەردەكردن لەعێراق نزمە و پێویستی بەكادیری پەروەردەیی خاوەن بڕوانامە و پلەی بەرزتر هەیە بۆ وانە وتنەوە لەقوتابخانە سەرەتاییەكاندا، تاكو لەگەڵ ئاستی خوێندنی جیهانی بگونجێت، بۆیە حكومەتی عێراق بیری لەوە كردەوە كەسیستەمی پێگەیاندنی مامۆستایانی سەرەتایی بگۆڕێت و قوتابیانی دەرچووی ئامادەیی بەشی (زانستی و وێژەیی) وەربگرێ و بیانكات بەمامۆستا، بۆ ئەم مەبەستەش لەقۆناغی یەكەمدا بڕیاری دا كەسێ پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان بكرێتەوە لەباكوور و ناوەڕاست و باشووردا (هەولێر، رومادی، ناسریە)، قوتابیانی دەرچووی ئامادەیی لەڕێگای وەزارەتی خوێندنی باڵا- مەڵبەندی وەرگرتن وەربگیرێن. قادر مجید قشوری، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان- هەولێر، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (١٢)، ٢٠٠١، ل٢٦.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر (م. محمد ئیسماعیل) و ڕۆڵی (م. خالص جەواد) توانرا زاڵ بن بەسەر ئەم کێشانەدا، ساڵی خوێندنی (١٩٧١-١٩٧٢)، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێرەوە، باڵەخانەی ئامادەیی کوردستانی کوڕان دەستنیشان کرا، تاکو پەیمانگە دەوامی تێدا بکات، بەڵام بۆ ساڵی دواتر، باڵەخانەیەکی تازە دروستکراویان تەرخان کرد بۆ پەیمانگە. کەلەبنەڕەتدا ئەم باڵەخانەیە بۆ بەشی ناوخۆی قوتابیان دروست کرابوو و دواتر درابوو بەفەرمانگەی تەندروستی هەولێر، بەهەوڵی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە و بەڕێوەبەری پەیمانگە ئەم باڵەخانەیە[١١١] درا بەپەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان[١١٢].

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕاژەی مامۆستایانیش، داوا لەمامۆستایانی خانەی مامۆستایانی هەولێر کرا بەئارەزوومەندانە، هەر مامۆستایەك ئارەزووی هەبێت دەتوانێت ببێت بەمامۆستای پەیمانگاەی مەڵبەندی مامۆستایان، ژمارەیەك مامۆستاش بەشێوەی گواستنەوەی راژە و ژمارەیەکیش بە (تنسیب) بوون بەمامۆستای ئەم پەیمانگەیە. بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢، ١٥٠٠ قوتابی وەرگیران کەرێژەیەکی زۆریان کورد بوون.

لەساڵانی خوێندنی ١٩٧١-١٩٧٢/١٩٧٢-١٩٧٣، تەنها قوتابی کوڕ وەرگیران، بەڵام لەساڵی خوێندنی ١٩٧٣-١٩٧٤ قوتابی کچیش لەم پەیمانگایە وەرگیران و بەشێوەیەکی تێکەڵ لەگەڵ کوڕان دەوامیان دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش (م. کەلسوم ئەحمەد عەلاف) [١١٣] کرا بەیاریدەدەری کاروباری قوتابیانی کچ و لەبەرواری ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ دەست بەکار بوو[١١٤].

کردنەوەی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان لەشاری هەولێر جموجۆڵێکی ئابووری لەناو شاری هەولێردا دروست کرد. چونکە ژمارەیەك لەقوتابیان هی شارەکانی تری عێراق بوون، ئەمانیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان هاموشۆی بازاڕەکانی ئەم شارەیان دەکرد تەنانەت بێجگە لەلایەنی ئابوری، کەلتووری شارەکانی تری عێراقیش تێکەڵ بەم شارە ببوو، لەلایەنی تریشەوە وەرگرتنی کچان لەم پەیمانگەیەدا و دەوامکردنیان بەشێوەیەکی تێکەڵ لەگەڵ کوڕانی هەمان پەیمانگە، دیاردەیەکی نوێ بوو بۆ کۆمەڵگەی هەولێری ئەوکات کەتا رادەیەك کۆمەڵگەیەکی داخراو بوو[١١٥].

هەرچەندە کەشێکی ئارام و لەبار بۆ بەرەوپێشچوونی بواری پەروەردەیی هاتبووە ئاراوە بەڵام باوەڕ نەبوونی سەرکردایەتی بەعس بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد و سوربوونی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی لەسەر پێدانی مافەکانی کورد، ئەگەری دروستبوونی شەڕ و کێشەکانی هێنایە ئاراوە، بەتایبەت دوای ئەوەی هەوڵی تیرۆرکردنی (ئیدریس بارزانی) درا لەبەغدا و دوو جاریش هەوڵی تیرۆرکردن و لەناوبردنی (مستەفا

---

([١١١]) مەبەست لەم باڵەخانەیەیە کەدەکەوێتە سەر شەقامی (٣٠) مەتری لەگەڕەکی (سەیداوە).

([١١٢]) خالیس شێخ جەواد، نیو سەدە زیاتر لەبواری پەروەردەدا، کوردستان، ٢٠١٦،ل١١٦؛ قادر مەجید خشوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٦-٢٨.

([١١٣]) م. کەلسوم ئەحمەد عەلاف: لەساڵی ١٩٤٠ لەشاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ بۆ یەکەم جار وەك مامۆستا دەستبەکار بووە، بۆ ماوەی (٤١) ساڵ وەك مامۆستا خزمەتی کردووە ، لەقوتابخانەکانی ناوەندی دووز، دواناوەندی سەلاحەددین، پەیمانگەی مامۆستایان، دواناوەندی ئازادی. تارا ئەسعەدی، مامۆستایان چرای هەولێرن، هەولێر، ٢٠١٧، ل١٣١.

([١١٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ م. (حەمەکەریم هەورامی)، هەولێر، ٢٠١٧/١٢/٢٢؛ قادر مەجید قشوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

([١١٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ م. (خالص جەواد)، هەولێر، ٢٠١٦/٩/٢٦.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بارزانی) درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون[116]. بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی دڵنیابوو لەوەی کەحکومەتی بەعس هەرکاتێك هەلی بۆ برەخسێت لەبەڵێنەکانی پاشگەز دەبێتەوە، بەم شێوەیە ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسی بەردەوام بوو، ڕێکخراوە کوردییەکان کە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو فشاریان خرایە سەر وەك ڕێکخراوی قوتابیان کەبەردەوام کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەکردن و قوتابیانی ئەندامی ڕێکخراوەکە دژایەتیان دەکرا لەلایەن دەسەڵاتەوە[117].

بەهۆی گرژی نێوان هەردوولا و بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٣ چەند نامەیەك لەنێوان بارزانی و سەرۆك کۆماری عێراق گۆڕدرایەوە بەڵام کاریگەریان نەبوو لەسەر چاکتر کردنی ڕەوشەکە تا لە ١٠ی مارتی ١٩٧٤ پەیوەندی نێوان هەردوولا پچڕا، گفتوگۆکان لەبازنەیەکی بۆشدا دەخولانەوە و هیچ لایەکیان بەداوا و پێشنیاری لایەکەی تر رازی نەبوو. سەرەنجام (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی عێراق لە ١١ی مارتی ١٩٧٤، یەکلایەنە یاسای ژمارە (٣٣)ی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان دەرکرد[118]. لەشەوی ١١/١٢ی مارتی ١٩٧٤ لەئیزگەی بەغداد بڕیارەکە بڵاوکرایەوە[119]، واتە حکومەتی عێرق هیچ ویستێکی لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد نەبوو. بۆیە لەبەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ پاشگەزبۆوە و دووبارە شەڕ هەڵگیرسایەوە کەتاکو ساڵی (١٩٧٥) بەردەوام بوو.

بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ یەکێك لەو بوارانەی کەجۆرە دواکەوتنێکی بەخۆیەوە بینی بواری پەروەردە بوو، هۆکاری ئەم دواکەوتنەش ئەوەبوو کەژمارەیەکی زۆر مامۆستا و قوتابی پەیوەندیان بەشۆڕشی کوردییەوە کرد و چوون بۆ ناوچەی شۆڕش چونکە مامۆستایان خزمەتکردنی باری پەروەردەییان لەژێر دەسەڵاتی بەعس ڕەتکردەوە، بەشێوەیەك ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە پەیوەندیان بەشۆڕشی کوردییەوە کرد بوو بە (٥٥٠٠) مامۆستای سەرەتایی و ئامادەیی دەخەمڵێندرێت و ژمارەی قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی شاری هەولێر بە (٥٠٠) قوتابی خەمڵێندراون[120]. بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان لەشاخ درێژەیان بەخزمەتی پەروەردەیی دا تا نسکۆی شۆڕشی کوردی ساڵی ١٩٧٥ لەدوای ئەم ساڵەوە بارودۆخی خوێندنی کوردی و زمانی کوردی و ڕەوشی قوتابخانەکان لەناوچە کوردنشینەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات.

(116) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مصدر سابق، ص٢٦٨-٢٧٢؛ کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣١-٤٣٢.

(117) ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو ١٩٥٣-١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ل٦٤.

(118) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەرەیدوون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣٦-٢٥٠؛ مسعود البارزانی، مصدر سابق، ص ص ٢٩٤-٢٩٥.

(119) مسعود البارزانی، مصدر سابق، ص ص ٢٩٧-٢٩٨.

(120) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول، ل ل ٢٤٣-٢٤٤.


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجام:**

لێکەوتەکانی رەوشی سیاسی لەسەر کەرتی پەروەردە لەشاری هەولێر، زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێت، بەتایبەت دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، ئەم ساڵە بەساڵی وەچەرخان لەمێژووی کەرتی پەروەردەیی دادەنرێت لەرووی فراوانتربوون و گرنگی پێدانی ئەم بوارە لەلایەن حکومەت لەهەموو شارەکانی عێراق و لەناویشیاندا شاری هەولێر.

دەرکردنی ژمارەیەك گۆڤار و بڵاوکراوە لەلایەن مامۆستایان و قوتابیان و رۆشنبیرانی شاری هەولێر وەچەیەکی چالاك و کەشێکی رۆشنبیری بەهێزیان هێنایە ئاراوە، دروستبوونی ئەم کەشە شەپۆلێکی هۆشیار کردنەوەی دانیشتوانی بەدوای خۆیدا هێنا، لەداهاتوودا بوو بەهاندەرێك بۆ زیاتر گرنگی دان بەخوێندن و بەفێرکردنی منداڵەکانیان و درێژەپێدانی خوێندن لەلایەن قوتابیان.

لەم هەلومەرجە سیاسەدا کردنەوەی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر هەوڵێکی تری بەرەوپێش بردنی رەوشەکە بوو، لەم رێگەیەوە ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی شار خوێندنیان تەواو کرد و تارادەیەك لەداهاتوودا هاوکار بوون بۆ کەم کردنەوەی کێشەی کەمی مامۆستا لەشارەکەدا.

هەروەك هێمنی دۆخی سیاسی کاریگەر بوو بۆ بوژانەوەی ئەم کەرتە- ئاڵۆزی دۆخەکەش کاریگەربوو بۆ پاشەکشەی ئەم کەرتە، هەروەك ئاماژەی پێدراوە دوای دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی و دواتریش نسکۆی شۆڕشی کوردی ژمارەیەکی زۆری مامۆستا و بەشێك لەقوتابیانیش بەرەو ناوچەکانی شۆڕش چوون و هەڵبەت ئەمەش کێشەی بۆ ئەم کەرتە دروست کرد بەتایبەت کێشەی کەمی مامۆستا دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا هێمن بوونەوەی دۆخی سیاسی ناوچەکە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ليستی سەرچاوەكان:**

**يەكەم: بەڵگەنامەكان:**

**١- مجلس قيادة الثورة رقم القرار/ ٤٤٦، تاريخ القرار ١٩٦٩/٩/٢٨.**

**٢- مجلس قيادة الثورة، رقم القرار/ ٤٨٤، تاريخ القرار ١٩٦٩/١٠/٩.**

**٣- مجلس قيادة الثورة، رقم القرار/ ٨٩، تاريخ القرار ١٩٧٠/١/٢٤.**

**٤- مجلس قيادة الثورة، رقم القرار/ ٢٢٨، تاريخ القرار ١٩٧٠/٣/١١.**

**دووەم: بڵاوكراوە حوكمی و ڕێكخراوەييەكان:**

**أ- بەزمانی كوردی**

**١- موسا ئەحمەد، ڕۆژنامەگەری يەكێتی قوتابيانی كوردستان، لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی سكرتاريەتی يەكێتی قوتابيانی كوردستان، زنجيرە (٩)، حوزەيرانی ١٩٩٨.**

**٢- يەكێتی نووسەرانی كورد، وێستگە سەرەتاييەكانی يەكێتی نووسەرانی كورد، هەولێر، ٢٠١١.**

**ب- بەزمانی عەرەبی**

**١- القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الأول، ب.م، ب.س.**

**٢- المناهج والنظام الداخلي لأتحاد الأدباء الأكراد، (يەكێتی نووسەرانی كورد)، بغداد، ١٩٧٠.**

**٣- المنظمات الجماهيرية الكوردستانية ١٩٥٣-١٩٩١، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، دراسة رقم (٣٥)، اربيل، ١٩٩٩.**

**٤- معسكر الطلبة في الريف الكوردستاني، من منشورات اتحاد طلبة كوردستان، بغداد، ١٩٧١.**

**٥- نظام الداخلي لأتحاد معلمي كوردستان أقره المؤتمر الثالث الذي عقد في ناوپردان بتأريخ ١٩٧٠/٨/٥.**

**سێيەم: گۆڤار و ڕۆژنامەكان**

*** گۆڤارەكان**

**أ- بەزمانی كوردی:**

**١- بيری نوێ: (گۆڤارێكی ئەدەبی گشتی ساڵانەيە، دواناوەندی كورانی هەولێر دەريدەكات)، ژمارە (١)، ساڵی (١)، ١٩٧٢.**

**٢- تيشك: (گۆڤارێكی پەروەردەيی ساڵانەيە قوتابخانەی مامۆستايانی سەرەتايی كوران لەهەولێر دەريدەكات)، ژمارە (١)، ١٩٦٩، ژمارە (٢)، ١٩٧٠.**

**٣- ڕۆشنبير (گۆڤاری كۆمەڵەی ڕۆشنبيری كوردی لقی هەولێرە)، ژمارە (١)، ١٩٧٣.**

**٤- ڕۆشنبيری نوێ (بڵاوكراوەيەكی ڕۆشنبيرييە، بەڕێوەبەرايەتی ڕۆشنبيری دەری دەكات)، ژمارە (١)، ١٩٧٣/٢/٢١.**

**٥- نووسەری نوێ (كۆمەڵە بەرهەمێكی ئەدەبييە يەكێتی نووسەرانی كورد- لقی هەولێر دەريدەكات)، ژمارە (١)، ساڵی (١)، ١٩٧٢.**

**٦- چوارچرا: (گۆڤارێكی ڕۆشنبيری و ئەدەبی كۆمەڵايەتييە لەلايەن ليژنەی زمان و ئەدەبی كوردی قوتابخانەی ئامادەيی كوردسانی كوڕان لەهەولێر بڵاوكراوەتەوە، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٧٣.**


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

٧- رەهێڵە (گۆڤارێکی رۆشنبیری پەروەردەییە، لەلایەن قوتابخانە دواناوەندی هەولێری کوڕان بڵاوکراوەتەوە)، ژمارە (١)، ساڵی (١)، ١٩٧١.

٨- ڕێژنە (گۆڤارێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی مانگانەیە، لەلایەن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-لقی هەولێر بڵاوکراوەتەوە)، ژمارە (١)، ١٩٧٠.

ب- بەزمانی عەرەبی:

١- شمس كوردستان (مجلة شهرية ثقافية عامة تصدرها جمعية الثقافة الكردية باللغتين العربية والكردية)، عدد (١)، حزيران ١٩٧١.

٢- البدية (مجلة ثقافية تصدرها لجنة اللغة العربية في ثانوية اربيل للبنين)، عدد (١)، سنة (١)، ازار ١٩٧٢.

* ڕۆژنامە:

أ- بەزمانی کوردی:

١- برایەتی، ژمارە (٤١)، ١٩٧٣/٣/٨- ژمارە (٢٣) ١٩٧٤/٢/٤- ژمارە (٢٤) ١٩٧٤/٢/٥- ژمارە (٢٥) ١٩٧٤/٢/٦.

ب- بەزمانی عەرەبی:

١- الوقائع العراقية، عدد (١٩٥٨)، ١٩٦٨/٧/١٨، عدد (١٩١٧)، ١٩٧٠/٩/٨.

٢- التآخي، عدد (١٠٨)، ١٩٦٧/٨/١٧، عدد (١٥٧)، ١٩٦٧/١٠/٣.

٣- خەبات، عدد (٥١٤) تشرين الأول ١٩٦٩.

٤- الجمهورية، عدد (٩٣٩)، ١٩٧٠/١٢/١٠.

چوارەم: بیرەوەری

أ- بەزمانی کوردی:

١- حاجی مەمۆ، لەهەواری یادەوەرییەکاندا، زنجیرەی دووەم، کوردستان، ٢٠١٨.

٢- حەمەکەریم هەورامی، چیرۆکی من و گوندەکەم، بەرگی (٣)، هەولێر، ٢٠١٨.

٣- خالیس شێخ جەواد، نیو سەدە زیاتر لەبواری پەروەردەدا، کوردستان، ٢٠١٦.

ب- بەزمانی عەرەبی:

١- فرهاد عونی، ذاكرة الأيام، تقديم: د. عبدالفتاح علي البوتاني، أربيل، ٢٠١١.

٢- دكتور عصام عزيز شريف، مذكرات عزيز شريف، ب.م، ٢٠١٠.

پێنجەم: نامەی زانکۆی بڵاونەکراوە:

١- كارزان طارق جامباز، التنظيم القانوني لتعدد اللغات في الدولة الفدرالية (دراسة تحليلية مقارنة)، رسالة ماجستير، جامعة كويه، كلية القانون- قسم القانون- ٢٠٠٨.

شەشەم: کتێب:

أ- بەزمانی کوردی:

١. ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر رۆژنامەوانی کوردی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢. ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣. تارا ئەسعەدی، مامۆستایان چرای هەولێرن، هەولێر، ٢٠١٧.
٤. حەمە صالح فەرهادی، لەبارەی رۆژنامەنووسی کوردییەوە، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.
٥. رۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (٠-٢٦) (٨٣-٨٦) ساڵی ١٩٧٤، زانکۆی زاخۆ، بنکەی ژین، دهۆك، ٢٠١٧.
٦. ساسان عەونی، یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشین و مێژوو ١٩٥٣-١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
٧. سۆزان کەریم مستەفا، بەعسیزم و کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٨. شوان سلێمان یابە، ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣-٢٠٠٢، هەولێر، ٢٠٠٦.
٩. د. شوان محەمەد ئەمین خۆشناو، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەبارودۆخی سیاسی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦.
١٠. عەبدولرەحمان فەرهادی، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لەدامەزراندنەوە تا ئێستا، هەولێر، ٢٠١٣.
١١. عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ)، رۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر (١٩٣٥-١٩٧٥)، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.
١٢. عەلی کەمال بەرزی، کەسایەتی ناودارانی کورد سەدەی بیستەم، بەرگی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
١٣. فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق، ١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٤. کریس کۆچێرا، کورد لەسەدەی نۆزدە و بیست دا، و: حەمەکەریم عارف، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٥. د.کوردستان موکریانی، رووناکی ١٩٣٥/١٠/٢٤- ١٩٣٦/٥/١٦، یەکەمین گۆڤاری کوردی لەشاری هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
١٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستان- عێراق ١٩٧٩-١٩٨٣)، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٧. هۆشەنگ صالح نەجار، بزاڤی رۆشنبیری لەشاری هەولێر لەساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥)دا، دەزگای رۆسا، هەولێر، ٢٠١٦.
١٨. م. وشیار حەمەد حاجی، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان (چەند لایەنێکی مێژوویی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٢-١٩٩٨)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

١. جبار جباري، تأريخ الصحافة الكردية في العراق، بغداد، ١٩٧٥.
٢. جليلي جليل وأخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، دار الرازي، لبنان- بيروت، ١٩٩٢.
٣. شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨ شباط ١٩٦٣- ١٧ تموز ١٩٦٨، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٦.

٤. شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان ١٩٦٤-١٩٧٠، دراسة تاريخية سياسية عامة، دهوك، ٢٠١٠.

٥. علي سنجاري، الحركة التحررية الكوردية مواقف وآراء، مطبعة خەبات، دهۆك، ١٩٩٧.

٦. كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، دار اراس، اربيل، ٢٠٠٥.

٧. كامل الجبوري، معجم الأدباء من العصر الجاهلي حتى سنة ٢٠٠٢، جزء الأول، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢.

٨. ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩. د.محمد علي الصويركي الكردي، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التأريخ، المجلد الرابع، دار العربية الموسوعات، بيروت، ٢٠٠٨.

١٠. مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية (ثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥)، جزء ٣، أربيل، ٢٠٠٢.

١١. نزار جرجيس علي، صحافة أربيل، بغداد، ١٩٩٨.

ج- کتێب بەزمانی ئینگلیزی:

- Amatzia Baram, Ronen Zeidel, Achim Rohad, Iraq between occupation perspectives from 1920 to the present, New York, 2010.

حەوتەم: وتار و لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

١- یەحیا تاهیر میرزا، مامۆستا موحەممەد ئیسماعیل بۆ گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١١)، ئاب و ئەیلوولی ٢٠٠٩.

٢- مامۆستا محەممەد عەلی مستەفا، بەشی زانیاری، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٨.

٣- مامۆستا ئەحمەد عوسمان ڕەسول، بیرەوەری، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧.

٤- مامۆستا عیسا ئەحمەد شێخانی، بیرەوەریەك لەشۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٥)، ئەیلوول ٢٠٠٨.

٥- خدر ئەحمد بامرنی، بیرەوەری، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٨.

٦- عاسم مایی، لاپەڕەیەك ژ شۆڕشا مەزنا ئەیلوولی، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (٢)، زستانی ٢٠٠٨.

٧- ئەحمەد سەعید عەبدوڵلا، مامۆستایانی شۆرەشا ئەیلولێ کێیە، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧.

٨- عەبدولواحید دیبەگەیی، مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول کێن، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧.

٩- عەبدوڵلا عومەر، مۆمەکانی شۆڕشی ئەیلوول، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧.

١٠- حەیدەر شەریف فەتاح، بیرەوەری شۆڕشی ئەیلوول، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧.

١١- د. احسان فوئاد، خوێندنی کوردی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (٩٩)، ئەیلوولی ١٩٨٣.



e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

١٢- د. ئازاد عوبێد ساڵح، کۆڕی زانیاری کورد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی) ژمارە (٣٩)، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- د. ئازاد عوبێد ساڵح، کۆڕی زانیاری کورد کار و چالاکییەکانی ١٩٧٠-١٩٧٨، گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، ژمارە (٤٠)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٤- عبدالقادر محمود ئەمین، کورتە باسێکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لقی هەولێر، گۆڤاری (رۆشنبیر)، ژمارە (١)، ١٩٧٣.

١٥- ئەبوبەکر أسماعیل شوانی، عەزیز شوان لەپێگەی خەبات و پێشەنگی پەروەردەییدا، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٤٠)، شوباتی ٢٠٠٤.

١٦- کاکل محەمەد (بەهرام)، گۆڤاری تیشك- تیشکی هیوای قوتابیانی کورد، گۆڤاری (هەولێر)، ژمارە (٣)، هاوینی ١٩٩٩.

١٧- گیوی موکریانی، مێژووی دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان، گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە (١٦٩)، کانوونی دووەم ١٩٦٠.

١٨- محەمەد خدر مەولود، رەهێڵە و بیری نوێ دوو گۆڤار...، دوو سەرەتای جیا، گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)، ژمارە (٩)، هاوینی ٢٠٠٢.

١٩- عەبدوڵڵا زەنگەنە، لە (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی دا، (رەهێڵە... بیری نوێ... چوارچرا)، ١٩٧١-١٩٧٤، گۆڤاری (کاروان)، ١٩٩٨.

٢٠- شوان یابە، ئیندێکسی گۆڤاری (چوارچرا)ی قوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی کوڕان- هەولێر، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (٢٥)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٢.

٢١- د. ئازاد عوبێد، بڵاوکراوەی دەستنووس یاخیبوون لەهەولێر- ١٩٧٣، گۆڤاری (**K21**) ژمارە (٧)، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٢- مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلوول لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، گۆڤاری (پەیامی ئەیلوول)، ژمارە (١)، پاییزی ٢٠٠٧.

٢٣- قادر مەجید قشوری، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان- هەولێر، گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)، ژمارە (١٢)، ٢٠٠١.

**هەشتەم: چاوپێکەوتن:**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ (تاریق جامباز)، هەولێر، ٢٠١٦/٩/٢٦.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەمەکەریم هەورامی)، هەولێر، ٢٠١٧/١٢/٢٢.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ (موژدە جەلال مامەش)، هەولێر، ٢٠١٨/٧/١٢.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ (تاریق جامباز)، هەولێر، ٢٠١٨/٨/١٠.

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ (کوردۆ گیوی موکریانی)، هەولێر، ٢٠١٨/١٠/٢٤.

**نۆیەم: ئینسکلۆپیدیا**

- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان- هەولێر، چاپخانە گرین کالۆری- بەیروت، ٢٠٠٩.

**- بەشی هەستەم (ئەدەب- بیۆگرافیای نووسەران):**

**دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح، رەوتی رۆژنامەنووسی لەهەولێر**

**- بەشی شەشەم (شارستانی کۆمەڵایەتی، گەڕەکەکان، تەندروستی).**

**ئەسعەد جەباری، چاپخانەکانی شاری هەولێر.**

**دەیەم: ماڵپەری ئینتەرنێت:**

**- د. عثمان أمين صالح، الأتجاهات الشعرية عند الشاعر الكوردي (مدحت بێخەو)، لاپەڕەی رۆژنامەی دەنگی مەخموور، ٢٠١١/١٠/٢٣.**

## پاشکۆی (١)

رقم القرار/ ٤٤٦
تاريخ القرار ١٩٦٩/٩/٢٨

مجلس
قيادة الثورة

بسم الله الرحمن الرحيم

تنفيذاً للعهد الذي قطعه مجلس قيادة الثورة على نفسه في إحلال أسس جديدة من العلاقة الموضوعية بين العرب والأكراد في هذا الوطن وتأكيداً لروح الأخوة بينهما للقضاء على كل مظاهر العقلية الشوفينية – قرر مجلس قيادة الثورة إعطاء المواطنين في المنطقة الشمالية من العراق حق إختيار الدراسة في اللغة الكُردية لكافة المناهج الدراسية حتى نهاية مرحلة الدراسة الثانوية .

على وزير التربية والتعليم تنفيذ هذا القرار .

أحمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پاشكۆی (٢)

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/ ٤٨٤
تا يخ القرار ٩/١٠/١٩٦٩

بسم الله الرحمن الرحيم

قرار

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ٩/١٠/١٩٦٩ ما يلي :-

ان ثورة السابع عشر من تموز التي تؤمن ايمانا راسخا بحق الامم في تحقيق وجودها وتأكيد شخصيتها والتي تعتبر ان الاضطهاد القومي ظاهرة ملازمة للانظمة الرجعية والمرتبطة بالامبريالية . وان التآخي والتضامن بين القوميات ظاهرة ملازمة للانظمة المعادية لهمّا . وهي تؤمن في الوقت نفسه بأن الشعب الكردي سيجد الفرص الحقيقية لتحقيق مطامحه وآماله بتضامنه الكفاحي مع شقيقه الشعب العربي . لذا فأن الثورة في حرصها على ازالة كل شكل من أشكال الظلم القومي والاجتماعي انما تعبر بذلك عن ايمانها بأن هذا الطريق هو التعبير الصحيح للمسار التاريخي لحركة الثورة العربية وهو الاسلوب السليم لتوطيد دعائم التضامن والاخوة بين العرب والاكراد وكافة الاقليات القومية

لذلك قرر مجلس قيادة الثورة :

أولا – تدرّس اللغة الكردية في الصف السادس للدراسة الثانوية وكافة الجامعات ومعاهد المعلمين والمعلمات والكلية العسكرية وكلية الشرطة .

ثانيا – جعل كافة وسائل الايضاح باللغة الكردية في جميع المدارس التي تدرس باللغة الكردية .

ثالثا – تدرس اللغة العربية في كافة المدارس التي تدرس باللغة الكردية .

رابعا – اتخاذ الاجراءات اللازمة لاعداد تغيير جذري وشامل في المديرية العامة للدراسة الكردية لكي تكون قادرة على النهوض بالمهام التي تنتظرها واستحداث كافة الدوائر اللازمة لتمشية شؤون التربية الكردية في المستقبل .

خامسا – ادخال كافة الكتب الكردية العلمية والادبية والسياسية المعبرة عن الطموح الوطني والقومي التقدمي للشعب الكردي في كافة المكتبات العامة وكافة مكتبات المدارس .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سادسا – تمكين الادباء والشعراء والكتّاب الاكراد من تأسيس اتحاد لهم والعمل على مساعدتهم وتمكينهم من طبع مؤلفاتهم وتوفير الفرص لزيادة قدراتهم وقابلياتهم اللغوية وربط الاتحاد باتحاد الادباء العراقيين بعد قيامه .

سابعا – تأسيس دار للطباعة والنشر باللغة الكردية .

ثامنا – استحداث مديرية عامة للثقافة الكردية ترتبط بوزارة الثقافة والاعلام .

تاسعا – اصدار صحيفة اسبوعية ومجلة شهرية باللغة الكردية عن المؤسسة العامة للصحافة .

عاشرا – زيادة البرامج الكردية في تلفزيون كركوك ريثما يتم انشاء محطة تلفزيون خاصة باللغة الكردية .

الحادي عشر – تسمى كافة المدارس والدوائر الرسمية في المنطقة الكردية بالاسماء الكردية التاريخية والجغرافية .

الثاني عشر – على كافة الوزارات المعنية تنفيذ ما ورد أعلاه .

ومن الجدير بالذكر ان مجلس قيادة الثورة سبق وأن أصدر قرارا بجعل الدراسة باللغة الكردية في المراحل الدراسية الابتدائية والمتوسطة والثانوية في جميع المناطق الكردية كما وسبق ان أصدر مجلس قيادة الثورة قرارا بفتح مدارس تدرس باللغة العربية ، اضافة الى وجود المدارس التي تدرس باللغة الكردية .

احمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثو


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی (٣)

مجلس
قيادة الثورة

رقم القرار/ ٨٩
تاريخ القرار ١٩٧٠/١/٢٤

بسم الله الرحمن الرحيم

قرار

ان ثورة السابع عشر من تموز التي تؤمن بأن الطريق المؤدي الى زيادة مساهمة المواطنين في خدمة هذا الوطن وترصين الوحدة الوطنية وتعزيز الوحدة الكفاحية يأتي من خلال تمتع المواطنين بحقوقهم المشروعة وايمانا من الثورة بحق الاقلية التركمانية في التمتع بحقوقها الثقافية في المناطق التي تسكنها لذا :

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٧٠/١/٢٤ ما يلي .

١ – تدرس اللغة التركمانية من مرحلة الدراسة الابتدائية .

٢ – جعل كافة وسائل الايضاح باللغة التركمانية في جميع المدارس التي ستدرس بهذه اللغة .

٣ – استحداث مديرية للدراسة التركمانية بوزارة التربية والتعليم .


أحمد حسن البكر
رئيس مجلس قيادة الثورة

---

ملاحظة : يتألف هذا القرار من سبع فقرات ، تتعلق الثلاث الأولى منها فقط بالأمور التربويـة .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**پاشكۆی (٤)**





e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی (٥)




گۆڤاری ڕەهێڵە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)


**پاشكۆی (٦)**




گۆڤاری بیری نوێ


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)


**پاشکۆی (٧)**




**گۆڤاری نووسەری نوێ**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پاشکۆی (٨)




گۆڤاری رۆشنبیر



e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

**پاشکۆی (٩)**




گۆڤاری بۆ پێشەوە


**پاشكۆی (١٠)**





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پاشکۆی (١١)



گۆڤاری رێژنە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تأثير الأوضاع السياسية على عملية التعليم في مدينة أربيل للفترة (١٩٦٨ – ١٩٧٥)

تعتبر فترة المفاوضات بين قيادة الثورة الكوردية والحكومة العراقية في سنة ١٩٦٧ بمثابة مرحلة تاريخية مهمة ومرحلة ممهدة لصدور بيان ١١ آذار سنة ١٩٧٠، وبالإضافة الى الأهمية السياسية لصدور هذا البيان، فقد كانت لها أهمية كبيرة على قطاع التربية والتعليم والاهتمام باللغة الكوردية، ومن خلال ذلك تم ضمان مجموعة من الحقوق الثقافية والتعليمية (وان كانت لفترة مؤقتة)، ومن جهة اخرة فقد كانت هذه الفترة شكلت أساس للتعليم باللغة الكوردية في المدارس الكوردية في المراحل اللاحقة.

الجدير بالذكر ان اجراء البحوث والدراسات عن تاثير العامل السياسي على قطاع التربية في مدينة أربيل ضرورية ومهمة جدا في هذه المرحلة الحساسة، ولكن يجب الإشارة الى انه ليس من السهل الوصول الى الحقائق والتفاصيل التاريخية وذلك بسبب ضياع او تلف مجموعة من الوثائق والمستندات الخاصة بهذه الفترة، لذلك ولغرض سد هذا النقص فقد تم الالتجاء الى اجراء المقابلات الشخصية مع المدرسين والمعلمين الافاضل الذين كان لهم الدور الكبير في تلك الفترة في قطاع التربية والتعليم، ولكن مع ذلك فقد واجهت الباحثة مشاكل في هذه الناحية أيضا بسبب وفاة بعض المدرسين والمعلمين أصحاب الدور الكبير في هذه الفترة او بسبب تقدم بعضهم الاخر في العمر وعدم التمكن من استذكار الاحداث بتفاصيلها.

ومما يعمق من صعوبة اجراء هذه النوع من الدراسات هو عدم وجود أرشيف تربوي محفوظ للوثائق والمستندات وتوثيق الاحداث الخاصة بهذه الفترة، ولكن رغم ذلك فقد حاولت الباحثة وبطريقة علمية عرض وتحليل تأثير الأوضاع السياسية على قطاع التربية في مدينة أربيل على أساس التحليل والدراسة الدقيقة للمصادر.

وتحتوي هذه الدراسة على محورين، في المبحث الأول تم تسليط الضوء على فترة المفاوضات بين قيادة الثورة الكوردية والحكومة العراقية ومن ثم صدور بيان ١١ آذار وإعطاء الحقوق الثقافية والتربوية للشعب الكوردي.

وفي المبحث الثاني، فقد تم التطرق الى نشاطات المدرسين والمعلمين والطلاب وإصدار مجموعة من المجلات والمنشورات في مدارس مدينة أربيل، ومشاركة المعلمين والمدرسين في تأسيس مجموعة من الجمعيات والتنظيمات إضافة الى مشاركتهم في العديد من المؤتمرات، وتم بعد ذلك تسليط الضوء على معهد المعلمين المركزي في مدينة أربيل ودور المعلمين في تنشئة طلاب هذا المعهد.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

## The impact of the political situation on the educational process in Erbil City 1968 - 1974

The period of negotiations between the leadership of the Kurdish revolution and the Iraqi government in 1967 is an important historical stage and the stage of preparation for the March 11, 1970 statement. In addition to the political importance of this statement, it was of great importance to the education sector and interest in the Kurdish language. Ensuring a range of cultural and educational rights (albeit for a temporary period). On the other hand, this period was the basis of Kurdish language education in the Kurdish schools in the later stages.

It is worth mentioning that the research and studies on the impact of the political factors on the education sector in the city of Erbil is necessary and very important at this sensitive stage, but it should be noted that it is not easy to access the facts and historical details because of the loss or damage to a set of documents for this period, therefore, in order to fill this gap, we have resorted to interviewing the distinguished teachers who had a great role in the education sector. However, the researcher also faced problems in this area due to the death of some teachers with the key role in this period, or because of the progress of some others in age and not being able to recall events in detail.

The deepening of the difficulty of conducting this type of study is the lack of educational archive and documentation of events for this period, but nevertheless the researcher tried to present and analyze in a scientific way the impacts of the political situation on the education sector in Erbil city based on the analysis of accurate and deep study of sources and references.

This study consists of two parts, In the first part, the period of negotiations between the leadership of the Kurdish revolution and the Iraqi government was highlighted, and then the March 11 statement was issued, and cultural and educational rights were given to the Kurdish people.

In the second part, the activities of teachers and students were discussed, and a series of magazines and publications were published in Erbil schools. The teachers participated in the establishment of a group of associations and organizations in addition to their participation in many conferences. Erbil and the role of teachers in the upbringing of students of this institute.

Then the Central Teachers Institute in Erbil was studied and the role of teachers of this institute on upbringing of the students of this institute was highlighted.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)